KURDISTAN




# قاعیدە و داعش سەرهەڵدانو چالاکییەکانیان

ئیدریس جەبار

# قاعیده و داعش سەرهەڵدانو چالاکییەکانیان



ئیدریس جەبار

## بەشی یەکەم

ڕاوبۆچونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا.

سەرەتای دەرکەوتنی ناوی ئوسامە بن لادن (دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە)، بۆ ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە کە سەردەمی کۆچکردنی لاوانی عەرەب بوو بۆ ئەفغانستان، تا لەو وڵاتەدا بەشداریی لە جیهاددا بکەن دژ بە هێزەکانی سۆڤیەت.

### قاعیدە وەک ناوێک بۆ تۆماری ناوی موجاهیدەکان

ئوسامە بن لادن لەو دەمەدا تێبینی نەبوونی تۆمارێک دەکات بۆ بزوتنەوەی ئەو موجاهیدانەی لە وڵاتانی دیکەوە هاتبونە ئەفغانستانو نەبوونی ئەو تۆمارەش بە بۆچونی ئەو، هێندەی تر کێشەی بۆ دروست دەکردن لەگەڵ خانەوادەکانییان، بۆیە

بڕیار دەدات تۆمارێک ڕێکبخاتو هەموو زانیاریو وردەکاریی ئەو کەسانە لەخۆبگرێت کە گەیشتبونە ئەفغانستان لەڕووی تۆمارکردنی بەرواری هاتنو پەیوەندیکردنییان بە موجاهیدەکانو پاشان بەشداریکردنییان لە سارباژگەکانی مەشقکردنو پەیوەندیکردنییان بە بەرەکانی جەنگەوە، بن لادن لەو ڕوانگەیەوە ئەو تۆمارانەی بە»قاعیدە« ناوزەند کرد.

بن لادن هاوپەیمانی لەگەڵ زۆربەی ئەو گروپانەدا دەبەستێت کە لە زۆرێک لە وڵاتە عەرەبیو ئیسلامیەکانی وەک یەمەنو شانشینی سعودیەو سۆماڵو ئەفغانستانو عیراق، ئیدعای جیهادی ئیسلامییان دەکرد.

هەر لەو نێوەندەدا قاعیدە پەیوەندی لەگەڵ ئەو گروپە ئیسلامیانەشدا گرێدەدات کە لە زیندانەکانی ئەمریکادا بەندکرابوون.

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باسی لەوەدەکرد کە بن لادنو کەسێتییەکانی تری ڕێکخراوی قاعیدە شوێنێکی زۆرییان لە جیهاندا کردۆتە ئامانج، لەوانە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا.

ئوسامە بن لادنیش لای خۆیەوە لە ساڵی ١٩٩٧ بە ئاژانسەکانی ڕاگەیاند: «ئەو موجاهیدە عەرەبانەی لە ئەفغانستان مەشقیان پێکراوە، چونەتە پاڵ ئەو چەکدارە مسوڵمانانەی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣دا (١٨) سەربازی ئەمریکایان لە شەڕێکی خوێناویدا لە شەقامەکانی مەقادیشۆدا کوشت لە سۆماڵ».

دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٦، ئیدانەی بن لادنییان کرد بەهۆی پشتیوانیکردنو مەشقپێکردنی ئەو چەکدارانەی دەستییان لەو هێرشەدا هەبوو.

لە حەوتی ئابی ساڵی ١٩٩٨و دوای هەشت ساڵ لە بلاوەپێکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە شانشینی سعودیە، دوو پاسی نەفەرهەڵگر لە دەرەوەی بارەگای باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەنزانیا تەقێنرانەوەو تێیاندا ٢٢٤ کەس کوژران کە لەنێوانیاندا ١٢ ئەمریکاییان تێدابوو، نێوەندی هەردوو تەقینەوەکەش تەنها حەوت خولەک بوو.

### ولایەتە یەکگرتووەکان، قاعیدە بە ئەنجامدانی تەقینەوەکەی تەنزانیا تۆمەتبار دەکات.

دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لە ٢٠ی ئابی ١٩٩٨، بە موشەک بۆردومانی ئەو ئامانجانە دەکەن کە گومانیان لێدەکرا ناوەندی مەشقکردنبن لە ئەفغانستان و لە هەمان کاتیشدا لە خەرتومی پایتەختی سودان، کارگەیەکی داوودەرمان بۆردومان دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

بەو هۆیەی رۆڵی سەرەکیان لە تەقینەوەکاندا هەبووە، دادوەری ئەمریکا چوار کەس کە لەنێوانیاندا یاریدەدەرێکی بن لادنی تێدابوو، بە زیندانی تاهەتایی حوکمدەدات.

ئەحمەد رەسام دان بەوەدا دەنێت کە لە فڕۆکەخانەی لۆس ئەنجلیسی نێودەوڵەتیو لە میانی ئاهەنگەکانی پێشوازیکردن لە ساڵی نوێو هەزارەی سێیەم، هەوڵیداوە بۆمبێک لە فڕۆکەکانەکەدا بچێنێتو ئاماژەی بەوەشکردبوو کە لەسەر دەمانچەو چەکی ئۆتۆماتیکو موشەکو پەرەپێدانی تەقاندنەوەی ماددەی (TNT) لە سەربازگەکانی سەر بە ئوسامە بن لادن مەشقپێکراوە.

دەسەڵاتدارانی ئەمریکا پیلانێک بۆ تەقاندنەوەی کەشتی جەنگی «Seattle Revelers» لە نزیک کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، پوچەڵدەکەنەوەو هەر لەو نێوەندەشدا چەند پەلامارێک بۆسەر نێوەندە گەشتیارییەکان لە ئوردن پوچەڵدەکرێنەوە.

١٧ دەریاوانی ئەمریکا لە ١٤ی تشیرنی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠، بەهۆی هێرشێکی خۆکوژەییەوە کە بە دوو بەلەم کرایە سەر کەشتی جەنگی «کۆڵ» لە نزیک کەنارەکانی عەدەن لە یەمەن، کوژران.

دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی هێرشەکەی سەر کەشتی «کۆڵ» دەخەنە ئەستۆی رێکخراوی قاعیدە.

ئوسامە بن لادن رەتیدەکاتەوە، رێکخراوەکەی دەستی لەو هێرشەدا هەبێتو لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبێت لەسەر بانگەشەکردن بۆ «جیهاد دژ بە ولایەتە یەکگرتووەکان».

لە یانزەی سێبتەمبەر - ئەیلول، لە ماوەی ١٨ خولەکدا، دوو فڕۆکەی رفێنراو خۆیان بە هەردوو سەنتەری بازرگانی جیهانیدا دەدەن، لە هەمان رۆژدا فڕۆکەی سێیەم خۆی بە بارەگای پینتاگۆن «وەزارەتی بەرگری ئەمریکا»دا دەدەت، فڕۆکەی چوارەمیش لە ناوچەیەکی چۆڵ لە ولایەتی بنسلڤانیا، دەکەوێتەخوارەوە.

دەستبەجێ ولایەتە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی ئەو پەلامارانە دەخاتە ئەستۆی رێکخراوی قاعیدە.

ئوسامە بن لادن دوای چەند هەفتەیەکی کەم لە هێرشو پەلامارەکانی ١١ - ٩، لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنی «الجزیرە» دەردەکەوێت.

هێـزە ئاسـمانییەکانی ئـەمریکا لـە تشـرینی دووەمـی سـاڵی ٢٠٠١، بڵاوکراوەکـان لەسـەر ئاسـمانی ئەفغانسـتانەوە دەخەنەخوارەوەو بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلار وەک خەڵات بۆ ئەو کەسە تەرخان دەکەن کە شوێنی ئوسامە بن لادنیان بۆ دەستنیشان دەکات.

## بن لادن تۆمەتەکان ڕەتناکاتەوە

ئوسامە بن لادن لە حەوتی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١، لە کاسێتێکی ڤیدیۆیی، تۆمەتـەکان ڕەتناکاتـەوەو ڕایدەگەیەنێت: «هەرە گەورەترین باڵـەخانـەکانی ولایەتـە یـەکگرتووەکان خـاپووركران، سـوپاس بـۆ خـودا، ئێسـتا تـەواوی ئـەمریکا لـە باکورەوە بۆ باشوورو لە خۆرئاواوە بـۆ خۆرهەڵات تـرسو دڵـەڕاوکێ دەستی بەسەرداگرتووە، سوپاسی خوداوەنـد دەکەین بـۆ ئەوە».

دوای ماوەیـەکی کـەم لـە بڵاوبونـەوەی ئـەو کاسێتە ڤیدیۆییـەی بـن لادن، ئیدارەی ئـەمریکا بەشێوەیەکی ئاشکرا لـە مـانگی کانوونی یەکەمدا تۆمارکراوە دەنگیەکانی سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە بڵاودەکاتەوە.

لەو نێوەندەدا کە گومان دەکرا بـن لادن لـە پرۆسەی بۆردومانـە ئاسمانیەکانی ئـەمریکا لـە ئەفغانسـتان کوژرابێت، لێشـاوی بڵاوبونەوەی کاسێتە ڤیدیۆییەکان لە بەهارو هاوینی ساڵی ٢٠٠٢دا وەستان.

لە کاسێتێکدا کە لە قەندەهار (ئەفغانستان) تۆمـارکرابوو، تێیـدا بـن لادن دەڵێت: «پێشـوەخت ژمـارەی قوربـانیانیـەکانمان لە ڕیزی دوژمنانـدا پێشبینی کردبوو کە بەپێی پێگەو شوێنی سەنتەرەکان لە پەلامارەکاندا دەکوژرێن.. لـەنێو هاوڕێکانمانـدا لە هەمویان گەشبینتربووم، ئەوەی کە هیوامان بۆدەخواست، ڕویدا».

## ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی

ئـەبو موسعەب ئـەلزەرقاوی - (٢٠ی تشـرینی یەکـەم ١٩٦٦ - ٧ی حـوزەیران ٢٠٠٦) - نـاوی تـەواوی، ئەحمـەد فـازڵ نـزال ئەلخەلایلەیەو لە خێڵی بەنو ئەلکەسەنە کە سەر بە هۆزی تەی، قەحتانیەو بـە ڕەچەڵـەک یەمەنیـە، هەڵگری ڕەگەزنامـەی ئوردنیە، ٤ منداڵی هەیە بە ناوەکانی : ئەمینەو ڕەوزەو محەمەدو موسعەب.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا دوای ئەوەی گروپی «التوحید والجهاد»کە ناوی یەکەمی ئەو گروپەیە بەیعەتیاندا بە ئوسامە بن لادن،

زەرقاوی بووە ئەمیری ڕێکخراوی «قاعده الجهاد فی بلاد الرافدین» کە بووە لقێکی ڕێکخراوی قاعیدە لە عیراق.

ئەو ڕێکخراوە چەندین هێرشی جۆری (نەوعی) لە عیراق ئەنجامدا لەوانە تەقاندنەوەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کە بووە مایەی کوژرانی (سێرجیۆ دی میللو) نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق.

هەروەها ئەو ڕێکخراوە چەندین هێرشو پەلاماری سەربازیو تەقینەوەی دژ بە هێزەکانی هاوپەیمانانو شیعەو کوردەکانو سوونەکانی عیراقو هێزەکانی ئاسایشی عیراق ئەنجامدا.


«دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیو جیهادکردن دژ بە کوفر» بەپێی ئیدعای خۆیان، لە ئامانجەکانی ئەو گروپە بوون.

ئیدارەی ئەمریکا بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو کەسە تەرخانکردبوو کە زانیاری پێشکەش دەکات بۆ دەستگیرکردنی زەرقازی.

٢ - ٤ - ٢٠١٧

-----

## بەشی دووەم



ڕاوبۆچوونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەكی كورت چاو بەمێژووی ڕێكخراوی قاعیدەدا بخشێنین كە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەركردایەتی دەكرا و لەدوای كوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانكرا و دواتر ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی كە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێكخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەكانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک كە زۆرێكیان دەكەونە ژێر كاریگەریی داعش و چەكدار و ئەندامەكانی ریزی ڕێكخراوەكە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێكخراوە كۆنەكەیان جێدەهێڵن.

## قاعیدە وەک هەوێنێک بۆ دروستبوونی داعش

وەک ئەیمەن زەواهیری كەسی دووەمی ڕێكخراوی قاعیدە لەو ماوەیەدا باسیكرد، ژمارەی ئەو هێرشو پەلامارانەی كە تەنیا لەلایەن ڕێكخراوی قاعیدەوە لە عیراق ئەنجامدران، گەیشتنە زیاتر لە ٨٠٠ هێرشو پەلامار.

نازناوی زەرقاوی بۆ شاری زەرقای ئوردن دەگەڕێتەوە، ناوبراو لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا بۆ شەڕكردن دژ بە هێزەكانی سۆڤیەت، چۆتە ئەفغانستان.

بەتۆمەتی نەخشەدانان بۆ هێرشكردنە سەر ئیسرائیل لەلایەن هێزەكانی ئاسایشی ئوردنیەوە دەستگیردەكرێتو بۆ ماوەی حەوت ساڵ زیندانی دەكرێت.

دەگوترێت دوابەدوای ئازادبوونی جارێكی دی دەگەڕێتەوە ئەفغانستانو تا ساڵی ٢٠٠٠ لەو وڵاتە دەمێنێتەوە.

پێش داگیركردنی عیراق لە ٢٠٠٣، لەلایەن ولایەتە یەكگرتووەكانەوە بە مەشقپێكردنی چەكدارە ئیسلامیەكان لە كوردستان و پەرەپێدانی بۆمبی كیمیاویو ئامادەكردنی بۆ تەقاندنەوە لە ئەوروپاو تەقاندنەوەی ئوتێلەكانی بەغدای پایتەختی عیراق كە لەلایەن هەواڵگری ئەمریكاو كۆمپانیا ئەمنیەكانیەكانەوە بەكاردەهاتو سەربڕینی «نیک بێرگ»ی هاوڵاتی ئەمریكایی لە عیراق لە ساڵی ٢٠٠٤ وەک لە كاسێتێكی ڤیدیۆیدا لە ١١ ئایاری ٢٠٠٤دا بڵاوكرایەوە لەگەڵ سەربڕینی كیم سۆن ئێڵی هاوڵاتی كۆریا، تۆمەتباردەكرێت.

زۆرێک لە هێرشو پەلامارەكان لەنێو ئوردندا دەخرانە پاڵ ئەبو موسعەب، لەوانە هەوڵی تەقاندنەوەی بارەگای هەواڵگری ئوردن لە عەمان.



سەرچاوە
Serchawe

حکومەتی ئوردن ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە لە ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی دەکێشێتەوەو لەبەرامبەردا زەرقاوی بە گاڵتەجاڕیەوە وەڵامی ئەو بڕیارەی حکومەتی ئوردن دەداتەوە،(سەلەفیە جیهادیەکان - کە زەرقاوی لەوان بوو - دان بە ڕەگەزنامەو سنوری نێوان وڵاتە ئیسلامیەکاندا نانێن).

لە ساڵی ٢٠٠٥، گروپەکەی زەرقاوی لە بەندەری عەقەبە هێرش دەکەنە سەر کەشتیەکی ئەمریکاو چەند ئامانجێکی تر لە فەلەستین.

لەو نێوەندەدا زەرقاوی ئاماژە بەوەدەکات کە هێرشو پەلامارەکانییان، دەزگا ئەمنیو هەواڵگریەکانی ئیسرائیلو ئەمریکاو ئوردنییان کردۆتە ئامانج.

وەزارەتی دەرەوەی چین پرسەو سەرخۆشی لە کەسوکاری ئەو سێ ئەفسەرە سەربازیەی خۆی کرد کە هەموویان لە تەقینەوەکاندا بوونە قوربانیو پلەی سەربازییان عەمید بوو.

هەروەها بەشیر نافع سەرۆکی هەواڵگری فەلەستینیش لەهەمان هێرشدا کوژرا.

لەبەر مەترسی ئەو ئامانجانەی کە لەو هێرشەدا زیانییان وێ کەوت، ئەنجومەنی ئاسایش کۆبونەوەیەکی نائاسایی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پەلامارە سازکردو زۆرێکیش لە کەسێتیە گرنگەکانی خۆرئاوا سەردانی شوێنی تەقینەوەکانییان کرد.

لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦، «قاعیدە الجهاد فی بلاد الرافین» لەگەڵ نۆ گروپی چەکداری عیراقی، دامەزرادنی ئەنجومەنی شورای موجاهیدینییان لە عیراق ڕاگەیاند کە «عەبدوڵلا ڕەشید ئەلبەغدادی» بۆ سەرکردایەتی ئەو ئەنجومەنە دەسنیشانکرا لەگەڵ مانەوەی هەموو ئەمیرێک لە سەرکردایەتی گروپەکەی لەژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنەکەدا.

پێش کوژرانی بەچەند مانگێک، چەند موشەکێک لە باکووری ئیسرائیل کە ناوچەیەکی باشووری لوبنانە، کەوتنەخوارەوە.

حزبوڵلا ئەوەی ڕەتکردەوە پەیوەندی بە هەڵدانی ئەو موشەکانەوە هەبێت.

هەر لەو کاتەدا ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی لە تۆمارکراوێکی دەنگیدا لە بەرواری ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦، بەرپرسیارێتی هەڵدانی ئەو موشەکانەی ڕاگەیاندو وتی: «ئەوەی لەڕۆژانی ڕابردوودا بینیتان کە بۆردومانکردنی ناوەندێکی

كوڕەزای مەیمونو بەرازەكان بوو لە باشووری لوبنان، نۆبەرەو پێشەكی كارێكی پیرۆز دەبێت لە لێدانی دوژمنی زایۆنیزم لە قوڵایی بوونی خۆی»، بە گوتەی زەرقاوی ئەنجامدانی ئەو كارە لەسەر فەرمانی شێخی موجاهیدەكان «ئوسامە بن لادن» بووە.

دوای تێپەڕبوونی چەند كاتژمێرێك بەسەر هەڵدانی سێ موشەكی كاتیۆشا لە باشووری لوبنانەوە بەرەو باكووری ئیسرائیل، بنكەی گروپێكی فەلەستینی سەر بە سوریا لە نزیك بەیروت لەلایەن ئیسرائیلەوە، بۆردومان دەكرێت.

لەلایەكی ترەوەو لە هەمان كاسێتدا، بڕوای خۆی پیشاندەدات كە «زیانی خاچپەرستان لە عیراقدا لانی كەم چل هەزار سەرباز دەبێت»، زەرقاوی لە قسەكانیدا وشەی «خاچپەرستان» وەك ئاماژەكردنێك بۆ هێزەكانی هاوپەیمانان لە عیراق كە لەلایەن ولایەتە یەكگرتووەكانەوە سەرۆكایەتی دەكران، بەكاردەهێنێت.

هەروەها وتی: «لەو دەمەی موجاهیدەكان هێرشو پەلامارەكانی خۆیان لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە دەستپێكردووە، نزیكەی ٨٠٠ پرۆسەی ئیستیشهادیمان بۆسەر ئامانجو ڕەتڵە سەربازیەكانی خاچپەرستان ئەنجامداوە، ئەوە جگە لە پەلامارو بۆسەو مینی چێنراو وبۆردومانی موشەكی و هێرشەكانی دیكە كە لەوبڕوایەدایین زیانی خاچپەرستان لەو نێوەندەدا لە چل هەزار سەرباز كەمتر نەبێت».

زەرقاوی لەو دەمەدا دوو مەرجی بۆ دەستهەڵگرتن لە «جیهاد» دانا كە بریتیبوون لە: «یەكەم دەركردنی داگیركەران لە خاكی فەلەستینو عیراقو دووەمیش بەرپابوونی شەرعی خودا لەسەر تەواوی گۆی زەویو بڵاوكردنەوەی دادپەروەری ئیسلامو نەهێشتنی ستەمی ئاینەكان».

## كوژرانی ئەبو موسعەب زەرقاوی

لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٦، نوری مالیكی سەرۆكی حكومەتی عیراق، كوژرانی ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی سەركردەی ڕێكخراوی قاعیدەی لە عیراق، لەڕێی بۆردومانێكی ئاسمانی هێزەكانی ئەمریكاوە، ڕاگەیاند.

حكومەتی ئیسرائیل لەزاری وتەبێژی ئەو وڵاتەوە كوژرانی زەرقاوی بە «سەركەوتنێكی گەورە بۆ دیموكراتیەكانی خۆرئاواو سیستمە عەرەبیە میانڕەوەكان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەسف دەكات»، ڕێكخراوی قاعیدەش بە «تاوانبارترین» دادەنێت.



سەرچاوە
Serchawe

جۆرج دەبلیو بوش سەرۆكی ئەمریكا، كوژرانی زەرقاوی بە وەشاندنی گورزێكی بەهێز لە ڕێكخراوی قاعیدەو «لێدانێكی گەورە لە تیرۆریستان» وەسف دەكاتو ئاماژە بەوە دەدات كە ناوبراو ڕووبەڕوی ئەو چارەنوسە شیاوە بووەوە كە هاوتای «كارە تیرۆریستییەكانی» بوو كە لە عیراق ئەنجامیدا.

دۆناڵد رامسفێڵد وەزیری بەرگری ئەمریكاش كوژرانی سەركردەی قاعیدەی لە عیراق بە «سەركەوتێكی گرنگ» لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم وەسفكرد، بەڵام ئاماژەی بەوەدا «بەرەچاوكردنی سروشتی تۆڕە تیرۆریستیەكان، كوژرانی زەرقاوی سەرەڕای گرنگی، نابێتە كۆتایی كارە توندوتیژەكان لەو وڵاتە».

تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ڕوداوەكەی بە«زۆر دڵخۆشكەرو لێدانێكی گوچكبڕ لە ڕێكخراوی قاعیدە لە هەموو شوێنەكانو هەنگاوێكی گرنگ لە شەڕێكی بەرفراواتر دژ بە تیرۆریز، وەسفكرد».

كوفی ئەنان سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان كوژرانی زەرقاوی بە «دڵنیاكەر» دادەنێتو لەهەمان كاتدا هۆشداری دەدەت سەبارەت بەوەی كە ڕوداوەكە، كۆتایی توندوتیژی لە عیراقدا ناگەیەنێت.

لە كابولیش حامید كارزای سەرۆكی ئەفغانستان خۆشحاڵی خۆی بە كوژرانی سەركردەی ڕێكخراوی قاعیدە لە عیراق دەدەبڕێت و كوشتنەكە بە «گورزێكی كاریگەر لە تیرۆریزم» وەسف دەكات.

وەزارەتی دەرەوەی پاكستان ڕوداوەكە بە «پەرەسەندنێكی گرنگ» دادەنێت.

لە نەمساش فۆلفگانگ شۆسل كە وڵاتەكەی لەو دەمەدا سەرۆكایەتی یەكێتی ئەوروپای دەكرد، ئاماژەی بەوەدا كە دەبێت لەگەڵ ڕاگەیاندنی كوژرانی زەرقاویدا، قەڵاچۆكردنی تیرۆریزم بەردەوام بێتو خافێر سۆلانای نوێنەری باڵای سیاستەكانی دەرەوەی یەكێتی ئەوروپا بە هەمان شێوە ئەو ڕوداوەی بە«لێدانێكی گورچكبڕ» لە قاعیدە وەسف كرد.

لە بەرلین، ئەنگێلا مێركڵ كوژرانی زەرقاوی بە «هەواڵێكی دڵخۆشكەر» وەسف دەكاتو تەئكید لەوەدەكاتەوە كە ناوبراو یەكێك بووە لە پیاوە مەترسیدارەكانی نێو ڕێكخراوی قاعیدە.

وەزارەتی درەوەی فەرەنساش هیوای خواست ئەو ڕوداوە ببێتە مایەی كەمبوونەوەی كارەتوندوتیژەیەكان لە عیراقو گەڕانەوەی سەقامگیریو ئاسایش بۆ ئەو وڵاتە لەچوارچێوەی وەرگرتنی سەروەری تەواودا.

هەروەها لە بەیاننامەیەکیدا لەو ڕووەوە، وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆن هیوایخواست کوژرانی زەرقاوی ببێتە مایەی باشبوونی بارودۆخی ئاسایشو تێکشکاندنی «گروپە تیرۆریستیەکان».

١٠ - ٤ - ٢٠١٧

-----

## بەشی سێیەم




ڕاوبۆچونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا و دواتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەکانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک کە زۆرێکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی داعش و چەکدار و ئەندامەکانی ریزی ڕێکخراوەکە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێکخراوە کۆنەکەیان جێدەهێڵن.

## دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق

لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق لەلایەن گروپە چەکدارە سوننە مەزهەبەکانەوە لە عیراق

ڕادەگەیەنرێت كە لەم گروپانە پێكهاتبوون:

«تنظیم القاعده فی بلاد الرافدین» كە لەلایەن ئەبو حەمزە ئەلموهاجیری سەركردەی ڕێكخراوەكەوە ڕاگەیەنرا» (١٢٠٠٠ چەكدارو ١٠٠٠٠ ئەندامی ئامادەنەكراوی لەخۆدەگرت)-

جیش الگائفه المنصوره.

جیش أهل السنه والجماعه.

جماعه جند الصحابه.

سرایا الجهاد الإسلامی.

سرایا فرسان التوحید.

سرایا مله إبراهیم.

كتائب كردستان.

كتائب المرابگین.

كتائب أنصار التوحید.

كتائب أنصار التوحید والسنه.

كتائب الڵهوال.

كتائب الغرباو.

هەندێک لە چەكدارانی گروپەكانی دیكەش چونە پاڵ ئەو ڕاگەیاندنە لەوانە: جیش الفاتحین (لە كۆی ٥ كەتیبەی حلف المگیبین ٤ كەتیبەیان)

**هەندێک لە كەتیبەكانی الجیش الإسلامی (لە چەند ناوچەیەكدا و بەتایبەتیش ناوچەكانی ئەنبارو حەدیسە و بەغدا)**

هەندێک لە كەتیبەكانی أنصار السنه.

هەندێک لە كەتیبەكانی جیش المجاهدین.

هەندێک لە كەتیبەكانی پوره العشرین.

هەندێک لە كەتیبەكانی عصائب العراق الجهادیه.

هەندێک لە كەتیبەكانی جیش ابی بكر الصدیق السلفی.



سەرچاوە Serchawe

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خێڵە سوننە مەزهەبەکانی عیراق

هەموویان «أبوعمر البغدادی»یان وەک ئەمیر پەسەند کردو بەیعەتیان پێدا.

## حکومەت

**لە قۆناغی یەکەمدا حکومەتی دەوڵەتەکە بەمشێوەیە ڕاگەیەنرا:**

- وەزیری یەکەم: شێخ ئەبو عەبدولڕەحمان ئەلفەلاحی
- وەزیری جەنگ: شێخ ئەبو حەمزە ئەلموهاجیر
- وەزیری دەزگا شەرعیەکان: استاژ شێخ ئەبو عوسمان ئەلتمیمی
- وەزیری پەیوەندییە گشتیەکان: استاژ ئەبو بەکر ئەلجبوری
- وەزیری سکرتێری گشتی: استاژ ئەبو عەبدولجەبار ئەلجەنابی
- وەزیری ڕاگەیاندن: شێخ ئەبو محەمەد ئەلمەشهەدانی
- وەزیری شەهیدانو بەدیلگیراوەکان: استاژ ئەبو عەبدولقادر ئەلعیساوی
- وەزیری نەوت: ئەندیازیار ئەبو ئەحمەد ئەلجەنابی
- وەزیری کشتوکاڵو سامانی ماسی: استاژ مستەفا ئەلئەعرەجی
- وەزیری تەندروستی: دکتۆر ئەبو عەبدوڵلا ئەلزەیدی

**وتەبێژی ڕەسمی دەوڵەتی عیراقی ئیسلامی: شێخ موحارب ئەلجبوری - کە دواتر کوژرا.**

«دەزگای فورقان بۆ بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندنو دابەشکردن»دامەزرێنرا کە بایەخی بە دەرکردنی بڵاوکراوە بینراو و بیستراوەکانو هەموو ئەو مەوادە ڕاگەیاندنانە دەدا کە لەلایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە دەردەچوون.

## جوگرافیاو ئایدۆلۆژیا

ئەو دەوڵەتە ژمارەیەک ناوچەی سوننە مەزهەبی دەگرتەوە کە بەغداو ئەنبارو دیالەو کەرکوکو سەلاحەدینو نەینەواو هەندێک ناوچەی تری بابلو واستی لەخۆدەگرت کە دەشێت ئەو ناوچانە لەبەرفراوانبوونو بەرتەسکبونەوەدابن، بەو واتایەی پارێزگاری مانەوەنەوە لەو شوێنو ناوچانە ناکەن کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتییان بە هەمان شێوەی بزوتنەوەی تاڵیبان کە لە ئەفغانستان ئەو ڕێڕەوەی گرتبووەبەر.

ژمارییەک لە دادگا شەرعیەکان لەو ناوچانەدا دەخاتەگەڕ کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە، لەو وەختەدا دیالەی بە پایتەختی دەوڵەتەکە دەسنیشانکرد.

**ئایدۆلۆژیاکەی هەمان ئایدۆلۆژیای ڕێکخراوی قاعیدە بوو.**

## بۆچونو گومانەکان

هەندێک گومانیان لە ڕاستی بوونی ئەو دەوڵەتە هەبوو، گومانیان سەبارەت بە ئەمیرەکەی هەبوو، لەو ڕووەوە سوپای ئەمریکا ئاماژەی بە (ئەبو حەمزە ئەلموهاجیر) کرد، وەک سەرکردەی ڕاستەقینەی ئەو گروپە کە پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ ڕێکخراوی سەرەکی قاعیدەدا هەیە.

هەندێک لە ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی وەک (بی بی سی)و (ڕۆیتەرز)و ئەوانی تر، ئەو ناوەیان باسکردبوو، تەنانەت هەندێک لە بەرپرسە سەربازییەکانی حکومەتەکەی مالیکیش دانییان بە بوونی ناوبراودا نابوو لەو ناوچانەو هەندێکیشیان ئاماژەیان بەوەکردبوو کە (ئەبو موهاجیر) پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە.

## ئەبو ئەیوبی میسری کێیە؟

بەپێی ناسنامەی خانەوادەکەی کە زانیاری لەبارەی کەسێتی تێدایە، ناوی: محەمەد فوئاد حەسەن ئەلسەید هەزاعەو نازناوی شێخ شەریف ئەلهەزاعە، لەدایکبووی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٥٧و لینسانسی لە خوێندنە ئیسلامیەکان لە ساڵی ١٩٨٥دا لە سعودیە بەدەستهێناوە، ناسنامەکەی سروشتی کارەکەی نەسەلماندووە، چونکە وەک «بێکار» باسکراوە کە لە بەری خۆرهەڵاتی شبین ئەلکوم دانیشتووەو ژمارەی تۆماری ٤٥١٢ و گروپی خوێنی B و ژمارەی ناسنامەکەی ٣٧١٦٠ی پارێزگای ئەلمەنوفیەی دەرچووی ٢٦ی ئایاری ١٩٩٠.

ئەبو ئەیوبی میسری لە تافی لاویدا کەسێکی پابەندبووە بە نەریتە ئیسلامییەکان، لە ژیانی زانکۆشدا سەرەتا خوێندکاری کۆلێژی دەرمانسازی بووەو دواتر وازی لەو کۆلێژە هێناوەو چۆتە کۆلێژی بازرگانیو ساڵی یەکەمی ئەو کۆلێژەشی تەواو نەکردووەو چۆتە سعودیە بۆ خوێندنی زانستی شەرعیو شارەزابوون لە (علوم الحديث)و لەوێ لینسانسی لە خوێندە ئیسلامیەکان لە زانکۆی (المدينه المنوره) وەرگرتووە.



سەرچاوە Serchawe

میسری، لە سەرەتاوە کاریگەر بووە بە فکری ئیخوانی، دواتر ڕویکردۆتە فکری سەلەفی کە بەندە لەسەر فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان لەسەردەستی شێخەکانی، لەبەردەستی ژمارەیەک زانایانی سەلەفی خوێندویەتی.

لە قۆناغی چاوارەمی زانکۆ لە سعودیە، ژیانی هاوسەرگیری پێکەوەناوە.

لە سعودیە ماوەتەوە تا ئەو کاتەی سومەییەی کچی لەدایکبووەو پاشان چۆتە ئوردن تا لای (ناصرالدين الالبانی) و لەسەر دەستی ئەو خوێندنی (علم الحديپ) تەواو بکات.

ئەبو ئەیوبی میسری لەو ماوەیەدا لە ئوردن کاری لە لێکۆڵینەوەی لە پەرتوکەکانی حەدیسو هەندێک پەرتوکی ئیبن تەیمیەدا کردووە لەوانە: «الفتوى المحمودیە الکبرى، الفرقان بین اولیاو الرحمن و اولیاو الشیگان»و لێکۆڵینەوەی بۆ هەندێک پەرتوکی ئیمام ئەلشەوکانیش کردووە لەوانە :«التحف فی مژاهب السلف».

بۆخۆیشی هەندێک پەرتوکی شەرعیو فقهی نوسیوەو «العژر بالجهل» یەکێکە لە پەرتوکەکانی.

ماوەیەک لە ئوردن وەک ئیمامی یەکێک لە مزگەوتە گەورەکان بەردەوام دەبێتو دواتر دەگەڕێتەوە بۆ میسر.

لەدوای سومیەو بیلال، لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، کوڕێکیان دەبێتو ناوی لێدەنێن معاژ و پاشان بەرەو پاکستان سەفەردەکەنو لەوێ بڕوانامەی ماجستێر لە (علوم الحديپ)دا لە پیشاور بەدەستدەهێنێتو ناوبانگێکی باش لە بانگخوازیدا دەستدەخات.

ساڵێک تەواو ناکەن لە پاکستانو دەگەڕێنەوە میسر، پاشان بەرەو ئیمارات سەفەردەکەنو لەوێوە بۆ ئیندۆنیسیا، ئەبو ئەیوبی میسری لە پەیمانگا شەرعیەکانی ئەوێ دەستدەکات بە وتنەوەی وانەکانی (علم الحديپ) و لەو ڕێگەیەوە خوێندکارو مورید لە سەلەفییەکانو ئەوانی دی بۆخۆی پەیدا دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٩٨ بڕیاردەدەت بگەڕێتەوە میسرو لەوێ جێگیر بێت.

ئەبو ئەیوب ئەلمیسری لەدوای کوژرانی ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی لە هێرشێکی هێزەکانی ئەمریکا بۆسەر بارەگاکەی لە ٢٠٠٦، وەک سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە لە عیراق، دەستنیشان دەکرێت.



سەرچاوە Serchawe

**ئەبو عومەر ئەلبەغدادی**

دوای سەرکردایەتیکردنی بۆ گروپێکی یاخیبووی دژ بە ئەمریکاییەکانو سەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوی قاعیدە، بۆیەکەمینجار لە مانگی نیسانی ٢٠٠٦ وەدەردەکەوێت.

ئوسامە بن لادن سەرکردەی ئەو دەمەی ڕێکخراوی قاعیدە لە تۆمارکراوێکی دەنگیدا کە لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧دا بلاوکرایەوە، داوا لە ئیسلامییەکانی عیراق دەکات بەیعەت بە ئەبو عومەر ئەلبەغدادی بدەن وەک ئەمیری «دەوڵەتی عیراقی ئیسلامی»، پاشان بن لادن هێرشدەکاتە سەر ئەنجومەنەکانی سەحدوە لە عیراق.

تۆمارکراوە دەنگیەکەی بن لادن کە ٥٦ خولەک بوو، لە پێگەیەکی سەر تۆڕی ئینتەرنێتەوە پەخشکراو لەلایەن گروپی «ئەنتلیجنس گروپ سایت»ی ئەمریکاییەوە بڵاوکرایەوەو شیکاری بۆکرا.

بن لادن داوا لە«ئەمیرە موجاهیدەکانو ئەندامانی ئەنجومەنی شورا» دەکات کە تا ئەو کاتە بەیعەتیان بە بەغدادی نەدابوو، لەنێو خۆیاندا یەکبگرنو لەپێناو پاراستنی کۆمەڵی مسوڵمانان، وەک ئەمیری دەوڵەتی عیراقی ئیسلامی بەیعەت بە بەغدادی بدەنو گوێڕایەڵی فەرمانەکانیبن.

بن لادن، دواکەوتنی بەیعەتدان بە بەغدادی بەکارێکی نەشیاو وەسفدەکاتو داوا لە ئیسلامییەکان دەکات خۆیان ڕادەستی بیانووەکان نەکەنو یەکگرتنو کۆدەنگی لەگەڕبخەنو دەمارگیرییان بۆ کەسو گروپەکان هەبێت لەبری دەمارگیری بۆ هەق.

وەزارەتی ناوخۆی عیراق لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ کوشتنی بەغدادی لە ناوچەی ئەلغەزالی شاری بەغدا ڕادەگەیەنێت، بەڵام دواتر دەردەکەوێت مەبەست لە ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی نەبووە.

ڕێکخراوی «دەوڵەتی عیراقی ئیسلامی» لە ئاکامی ئەو بانگەشەیەی ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی دامەزرێنەری باڵی عیراقی ڕێکخراوی قاعیدە پێکهێنرا کە بۆ مەبەستی یەکخستنی بزوتنەوە چەکدارە سوننە مەزهەبەکان لەژێر یەک سەرکردایەتیەکدا کردی کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا ناویلێنرا «ئەنجومەنی شورای موجاهیدین».

لەدوای کوژرانی زەرقاوی لە حوزەریرانی ٢٠٠٦، ئەبو حەمزە ئەلموهاجیر کە بە ئەبو ئەیوب ئەلمیسری دەناسرا،



سەرچاوە
Serchawe

سەرکردایەتی قاعیدەو ئەو ئەنجومەنەی گرتەدەست.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دا «ئەنجومەنی شورای موجاهیدین» دەگۆڕدرێت بە «دەوڵەتی عیراقی ئیسلامی» کە بەپێی دامەزرێنەرەکانی، شارەکانی بەغداو ئەنبارو دیالەو کەرکوکو سەلاحەدینو نەینەواو بەشێک لە پارێزگاکانی بابلو واست لەخۆدەگرێت.

**هەموو بزوتنەوە چەکدارەکان لەو دەمەدا بەغدادی بە ئەمیری ئەو ڕێکخراوە نوێیە دەستنیشان دەکەنو بەیعەتی دەدنێ.**

2017/4/24

---

## بەشی چوارەم



ڕاوبۆچونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا و دواتر ڕێکخراوی دەوڵەتی

ئیسلامی کە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین رێکخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەکانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک کە زۆرێکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی داعش و چەکدار و ئەندامەکانی ریزی رێکخراوەکە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و رێکخراوە کۆنەکەیان جێدەهێڵن.

## کوژرانی سەرانی دەوڵەتی ئیسلامی

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عیراق لە ١٩ - ٤ - ٢٠١٠ کوژرانی ئەبو عومەر ئەلبەغدادیو ئەبو ئەیوب ئەلمیسری لە رێی پرۆسەیەکی هەواڵگری لە ناوچەی (الپرپار)ی پارێزگای سەلاحەدینی باکووری بەغدا، ڕادەگەیەنێت.

لەوبارەیەوە مالیکی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا وتی: «هێزێکی عیراقیو ئەمریکایی لە ناوچەی (پرپار) ماڵێکییان کردە ئامانج کە ئەبو عومەر ئەلبەغدادیو ئەبو ئەیوب ئەلمیسری تێدابوو».

**سوپای ئەمریکاش لای خۆیەوە تەئکیدی لە کوژرانی دوو سەرکردە گەورەکەی قاعیدە کردەوە لە عیراقدا.**

هێزەکانی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکیاندا لەو بارەیەوە ئاماژەیان بە کوژرانی دوو تیرۆریست کرد کە بەگوتەی بەیاننامەکە، گورزێکی گورچکبڕە بووە لە رێکخراوی قاعیدە لە عیراق.

مالیکی لە کۆنفرانسە رۆژنامەوانیەکەدا، وێنەی بەغدادیو ئەبو ئەیوبی میسری بە کوژراوی نمایشکرد.

سەرۆک وەزیرانی عیراق وتی: «شانەیەکی هەواڵگری توانی چەند ئەندامێکی رێکخراوی قاعیدە دەستگیربکاتو لەرێی ئەو دەستگیرکراوانەوە توانرا شوێنی ئەبو عومەر ئەلبەغدادیو ئەبو ئەیوب ئەلمیسری بدۆزرێتەوە».

لەو پرۆسەیەدا بە قسەی مالیکی بێت، زۆربەی سەرکردە سەربازیەکانی ئەو رێکخراوە دەستگیرکران کە لەو دەمەدا سەرقاڵی ئامادەکاری بوون بۆ ئەنجامدانی کارێکی تاوانکاری کە بەنیازبوون ژمارەیەکی زۆر لە کلێساکانی عیراق بکەنە ئامانج.

مالیکی وتی: «لەو پرۆسەیەدا توانرا دەست بەسەر چەندین کۆمپیوتەرو ئەو نامانەدا بگیرێت کە لەگەڵ تیرۆریستانی جیهانو ئەیمەن زەواهیریو ئوسامە بن لادندا ئاڵوگۆڕکرابوون».



سەرچاوە
Serchawe

هەروەها وتی: «هێزێکی عیراقی بەپێی زانیارییە هەواڵگرییە دیایکراوەکان لە ناوچە جاجیاکانی عیراقدا بڵاوەیانکردو دەستییانکرد بە لێدانی ئامانجەکان».

مالیکی لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە لاوازبوونی قاعیدە کرد لەدوای ئەو لێدانە و وتی: «کاتێک قاعیدە شەکەت دەبێت، سەرکردەکانی بەوشێوەیە دەکەونو هەموو زانیاریو تۆڕو درێژبوونەوەو پەیوەندییەکانییان بە لاوازترین حاڵەت دەکەونە بەردەستمان».

وێڕای ئەو لێدانە کەمەرشکێنە، مالیکی وتی: «پێویستە زیاتر بەئاگابینو بەردەوامبین لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەکان تا ئەو کاتەی بەتەواوەتی ڕیشەکێشکردنی قاعیدە لە عیراقدا زامندەکەین، پێویستمان بە خۆڕاگریو پەیوەستبوونی زیاترە» .

مالیکی تەئکیدی لەسەر یارمەتیدانی لایەنی ئەمریکا کردەوە لە لێکۆڵینەوەکانو هاوبەشی ئەمریکای لە پرۆسەکانی وردبینی زانیارییە هەواڵگرییەکانی تایبەت بە ڕێکخراوە توندڕەوەکان، بەهەند هەڵسەنگاند.

## ئوسامە بن لادن (٣٠ تەمموز ١٩٥٧)

ناوی ئوسامە بن محەمەد بن عەوەز بن لادنە، دامەزرێنەرو سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدەبوو کە بە گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی دەناسرێت.

ولایەتە یەکگرتووەکان بە هۆکاری ڕاستەوخۆی تەقینەوەکانی ئەلخوبەرو نەیرۆبیو دار ئەلسەلامو (ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١) تۆمەتباری کرد کە تەنیا لەو ڕوداوەدا ٢٩٩٧ کەس کوژران.

ناوی لە ڕیزبەندی یەکەمی لیستی داواکراواندا بوو لە جیهاندا (لەسەر لیستی ئینتەرپوڵ)، ماوەیەک بەر لە کوژرانی شوێنەکەی لەلەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەمریکاوە دۆزرایەوە.

ئوسامە بن لادن لە شانشینی عەرەبی سعودیە لەدایک بووەو کوڕی محەمەد بن لادنە کە پیاوێکی دەوڵەمەندە بووەو لە بواری بەڵێندەرایەتیو بیناسازیدا کاری کردووەو پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ خانەوادەی ئال سعودی فەرمانڕەوای سعودیەدا هەبووە.



سەرچاوە
Serchawe

ڕیزبەندی ئوسامە لەنێو خوشکو براکانیدا ١٧ بووە لەکۆی ٥٢ خوشکو برا.

خانەوادەکەی بن لادن بە ڕەچەڵەک خەڵکی حەزرەمەوتی یەمەنن.

لە زانکۆی »الملک عبدالعزیز» لە جەدە خوێندویەتیو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە لە ئابوریدا بەدەستهێناوەو دواتر سەرپەرشتی ئیدارەی کۆمپانیای بن لادنی کردووەو هەندێک بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەردنی کۆمپانیاکەی باوکی لەئەستۆگرتووە.

دوای مردنی محەمەد بن لادنی باوکی ئوسامە، سەروەتێکی لەدوا جێدەمێنێت کە بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا.

ئوسامە بە سەرەوەتو سامانەکەی توانی ئامانجی خۆی بەدیبهێنێت کە پشتیوانیکرن بوو لەو چەکدارانەی کە بە موجاهیدەکانی ئەفغانستان دەناسرانو لە ساڵی ١٩٧٩وە دژ بە داگیرکاری سۆڤیەت لە ئەفغانستان شەڕیان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٨٤، بن لادن ڕێکخراوێکی بانگواز بەناوی «مرکز الخدمات»و بنکەیەک بۆ مەشقکردن لەسەر هونەرەکانی جەنگو پرۆسە چەکداریەکان بەناوی «معسکر الفاروق» بۆ کۆمەکی هەوڵەکانی جەنگی «موجاهیدە ئەفغانیەکان» دادەمەزرێنێت کە دواتر لەلایەن (موجاهیدە عەرەبو بیانیەکانەوە) بەکاردەهێنرێت.

ئەو (ڕێکخراو و سەربازگە)یە لەلایەن هەریەک لە ئەمریکاو پاکستانو عەرەبی سعودیەوە بە کۆمەکی ماددیو مەشقی سەربازیو ئەمنی پشتیوانی دەکرێتو تەنانەت بەپێی ئێستگەی BBC بێت، لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەمریکاوە لەو سەربازگەیەدا مەشق بە «موجاهیدەکان» کراوە.

لە ساڵی ١٩٨٨، ئوسامە بن لادن گەشەی بە کارەکانیدا لە ئەفغانستانو چەند تۆمارێکی بۆ قاعیدە دامەزراند بۆ تۆمارکردنی ناوی موجاهیدەکانو لەو نێوەندەشدا خۆبەخشەکانی «مرکز الخدمات» ئەوانەی پسپۆڕ بوون لە بواری سەربازیو ڕاهێنانی سەربازیدا چونە پاڵ هەوڵەکانی بن لادنەوە کە لەدواتردا ئەو تۆمارانە بوونە ناوێک بۆ ڕێکخراوی موجاهیدەکان.

بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، بن لادن لەلایەن عەرەبی سعودیەوە بە پاڵەوان وەسفکرا، بەڵام ئەو پشتیوانیە بەشێوەیەکی خێرا ڕووی لە نەمان کرد کاتێک بن لادن لە سەردەمی داگیرکردنی عیراق بۆ کوەیت لە ساڵی

١٩٩٠، هێرشی كردە سەر جێگیركردنی هێزەكانی ئەمریكا لە سعودیە، بگرە هێرشی كرە سەر دەسەڵاتی سعودیەش كە ڕێگەی بە هێزەكانی ئەمریكا دابوو بێنە نێو خاكی سعودیەوە كە لەلایەن بن لادنەوە بە » ماددی«و «خراپەكار» وەسف دەكران.

بە سەفەركردنی بۆ سودان لە هەمان ساڵو دامەزراندنی ناوەندێك بۆ پرۆسە نوێیەكان، پشتگیریو پشتیوانی سعودیە بۆ بن لادن كۆتایی هات.

بن لادن سەركەوتوو بوو لە هەناردەكردنی بیرۆكەكانی خۆی بۆ باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، ولایەتە یەكگرتووەكان، ئەفریقا، ئەوروپا.

بەهۆی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ گروپی «تاڵیبان» كە حوكمی ئەفغانستانی دەكرد، لە ساڵی ١٩٩٦دا بن لادن سودانی جێهێشتو ڕووەو ئەفغانستان بەڕێكەوتو لەوێوە جەنگی دژ بە ولایەتە یەكگرتووەكانی ڕاگەیاند.

لە ساڵی ١٩٩٨دا هەوڵەكانی بن لادنو ئەیمەن زەواهیری سكرتێری گشتی ڕێكخراوی جیهادی ئیسلامی لە میسر یەكدەگرنو پێكەوە فەتوا لەسەر شەڕكردنو كوشتنی ئەمركاییەكانو هاوپەیمانەكانییان دەدەن لە هەموو شوێنو جێگەكانو بانگەشە بۆ دەرپەڕاندنییان دەكەن لە مزگەوتی ئەقساو مزگەوتی ئەلحەرام.

### ستایشی ئەنجامدەرانی پەلامارەكان دەكات

دوابەدوای ڕوداوەكانی یانزەی سێپتەمبەریش، ولایەتە یەكگرتووەكان پەنجەی تۆمەتی بۆ ئوسامە بن لادنو قاعیدە درێژكرد.

ئوسامە، ستایشو پیرۆزبایی لە ئەنجامدەرانی پەلامارەكانی سێپتەمبەری ٢٠٠١ كرد، ولایەتە یەكگرتووەكان كاسێتێكی ڤیدیۆیی دەستەبەر دەكات كە تێیدا بن لادن لەگەڵ ژمارەیەك لە لایەنگرانی باس لە سەرسوڕمانی خۆی دەكات بەرامبەر بە قەبارە و بڕی ئەو كاولكاریو قوربانیانەی كە بەهۆی داڕمانی هەردوو سەنتەری بازرگانی جیهانیەوە لە نیۆیۆرك دروست بوو.

بن لادن ئاماژە بەوە دەكات كە زیانەكان لەسەرو پێشبینیكردنی ئەووەوە بوون.

ئەو کاسێتە وەک یەکێک لە بەڵگە ئاشکراکان بەکاردەهێنرێت لەسەر بن لادن کە پێشتر ئاگاداری وردەکاری ئەو ڕوداوە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بەڵگەی دیکە لەبەر هۆکارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو جەنگ دژ بە تیرۆریزم ڕانەگەنرانو بە نهێنی مانەوە.

ئوسامە بن لادن لەودەمەدا شوێنو جێگەی نادیاربوو، نەدەزانرا لەژیانداماوە یان نا.

بن لادن لە ساڵی ٢٠٠١دا بۆ دوایین جار لە شاری قەندەهاری ئەفغانستان بینرا.

ولایەتە یەکگرتووەکان لەو دەمەدا داوا لە تاڵیبان دەکات ئوسامە بن لادنی ڕادەست بکات، بەڵام ئەفغانستان داوای بەڵگە لە ولاتە یەکگرتووەکان دەکات سەبارەت بە تێوەگلانی بن لادن لە ڕوداوەکانی یانزەی سێپتەمبەری ٢٠٠١.

بەوهۆیەوە ولایەتە یەکگرتووەکان ئەفغانستان داگیر دەکاتو حکومەتەکەی تاڵیبان دەڕوخێنێت، بەڵام ولایەتە یەکگرتووەکان دوای ڕوخانی تاڵیبانو داگیرکردنی ئەو وڵاتەش ناتوانێت بن لادن دەستگیر بکاتو ناشزانێت ئایا لە بۆردومانی فڕۆکەکانیدا بۆ چیاکانی »تۆرابۆرا« بن لادن پێوە بووە یان نا.

پێشبینی دەکرا بن لادن بەهۆی نەخۆشی گورچیلەوە کە پێویستی بە چاودێرییەکی پزیشکی بەردەوامە و بۆ ئەو بارودۆخەی ئەو دەست نادات، گیانی لەدەستدابێت.

(زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان لەو دەمەدا ئەوەیان ڕەتدەکردەوە بن لادن گورچیلەکانی لەکارکەوتبنو لە چاوپێکەوتنی پزیشکی تایبەتی ناوبراویشدا ئەو مەسەلەیە یەکلابووەوە)، بەڵام دوای ئەوە دەماودەم کاسێتی وێنەییو دەنگی بن لادن دەردەکوێتو تێیدا باس لە کێشە گەرماوگەرمەکان دەکات، تەئکیدکردنە بوو بۆ ئەوەی کە تا ئەو دەمە بن لادن لەژیاندابوو.

لە ٧ی ئایاری ٢٠٠٤دا کاسێتێکی ڤیدۆیی دەردەکەوێت، دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە دەنگی بن لادنە و تێیدا هانی کوشتنی پۆڵ برێمەر سەرۆکی کاتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دەداتو خەڵاتێکی زێڕینیش بۆ ئەو کەسە تەرخان دەکات کە ئەو کارە ئەنجام دەدات.

بن لادن لەو کاسێتەدا داوای کوشتنی فەرماندەی سەربازی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراقو جێگرەکەیو کۆفی ئەنانی سکرتێری گشتی ئەو دەمەی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەخزەر ئیبراهیمی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

١ - ٥ - ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## بەشی پێنجەم



ڕاوبۆچوونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا و دواتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەکانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک کە زۆرێکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی داعش و چەکدار و ئەندامەکانی ریزی ڕێکخراوەکە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە »خەلیفەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی« و ڕێکخراوە کۆنەکەیان جێدەهێڵن.

### پاش ڕوداوەکانی ١١ سێپتەمبەر

سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە لەدوای جەنگی دژ بە تاڵیبانو قاعیدە لە ئەفغانستان بەتەواوەتی لەبەرچاو ون دەبێت، لەو دەمەدا پێشبینی دەکرا بن لادن لە ناوچە شاخاویەکانی ئەفغانستان بێت کە نزیکە لە سنورەکانی پاکستان و لەو ناوچانەدا خۆیشاردبێتەوە.

لە کاسێتێکی ڤیدۆییدا کە کەناڵی جەزیرە لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤دا بڵاویکردەوە، بۆیەکەمجار بن لادن هۆکاری لێدانەکانی تاوەرە مەدەنیەکانی لە ولایەتە یەکگرتووەکان خستەڕوو، بن لادن هۆکاری ئەو پەلامارانەی بۆ «تۆڵەکردنەوە



سەرچاوە
Serchawe

له داگیرکاری ئیسرائیل بۆ لوبنان له ساڵی ١٩٨٢و پێشێلکاریەکانی ئیسرائیل دژ بە مەدەنیە بێتاوانەکانی فەلەستین» گەڕاندەوە.

هەر لەو کاسێتەدا بن لادن دەڵێت: «بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە ئەمریکا پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی لە کردەوەکانی ئیسرائیل‌و داگیرکاری ئەو قەوارەیە دەکات بۆ خاکێک کە نە شارستانی‌و نە مێژوو مافی ئەو داگیرکاریەی پێنادات».

هەروەها دەڵێت: «سەرۆکی ئەمریکا بەهەڵەداچووە لە لێکدانەوەکەی بۆ قاعیدە، بەو پێیەی کە ڕێکخراوەکە دژ بە ئازادیە»، بن لادن پێیوایە قاعیدە دەیەوێت ئەو ڕاستیە بخاتەڕوو کە ئەمریکا بەردەوام هەوڵی شاردنەوەی دەدات.

## فیتنەی تایەفەگەری

وەک دکتۆر عەمر ئەلشەوبەکی پسپۆڕ لە کەیسی ئیسلامیەکان لە ناوەندەی توێژینەوەکانی ئەهرام ئاماژەی پێدەکات، لقی قاعیدە لە عیراق «بەکێشەی تایەفەگەری کاریگەربوو، هەندێک چین و توێژی کردە ئامانج کە نە پەیوەندییان بە داگیرکەرەوە هەبوو نەهەماهەنگیشیان دەکرد».

ئەو تێوەگلانە بەبۆچونی شەوبەکی کاریگەری لەسەر ئەداو ئاستی جەماوەری ڕێکخراوەکە دروستکرد بەتایبەتیش «کشانەوەی لە نمونەی جیهانیەوە بۆ نمونەیەکی ناوچەیی کە هەرەمی جیهانی ڕێکخراوەکەی لەبەریەکهەڵوەشاندەوە کە لەو دەمەدا شانەکانی هەندێکییان نوستوو بوون‌و هەندێکی دیکەشیان نیمچە نوستوو بوون».

حسێن بولەحیە ڕۆژنامەنوسی جەزائیری لەو بارەیەوە دەڵێت: «سەرەتای داڕوخانی قاعیدەو بچوکبونەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکە، لە عیراقەوە دەستییێکرد کاتێک جەنگی دژ بە خەڵکی ئەو وڵاتەی ڕاگەیاندو چووە جەنگێکی تایەفەگەری‌و مەزهەبیەوە» تا ئەو ئەندازەیەی «چالاکیەکانی قاعیدە بووە هۆکارێک بۆ تێکشکاندنی موقاوەمەی عیراقی کە لە هەندێک کۆمەڵو ڕێکخراوی دیکەدا خۆیان دەبینیەوەو پێشتر ئامانجەکانیان بە وردی دیاریکردبوو کە تەنیا ڕووی تفەنگەکانی لە داگیرکەری ئەمریکا بوو».

## بەئامانجکردنی مەدەنییەکان

وێڕای ئەوەی ڕێکخراوی قاعیدە لە خۆرئاوای عەرەبی«لقی خۆی کردەوە» لەڕێی گۆڕینی ناوی«الجماعه السلفیه للدعوه

ولجهاد» لە جەزائیر بە «تنظیم القاعده فی بلاد المغرب الاسلامی» و ئەیمەن زەوواهیری کەسی دووەمی ڕێکخراوی قاعیدە چونەناوەوەی گرووپێکی چەکداری لیبی بۆ نێو ئەو ڕێکخراوە ڕاگەیاند، بەڵام ئەو تەقینەوانەی کە ڕێکخراوەکە ئەنجامیدان، سنوری جەزائیریان تێنەپەڕاندو مەدەنییەکان تێیاندا کرانە ئامانج.

هەرچەندە ئەو ڕێکخراوە بۆ چەند جارێک هەڕەشەی بەئامانجکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆرئاوای لە مەغریبی عەرەبی کرد، بەڵام شەوبەکی دەڵێت: «تائێستا تەنیا مەدەنیەکانو هەندێک سەربازی جەزائیری کوژراونو ئەوەش کاریگەری بۆسەر ناوبانگو و سیماو ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە دروتسکرد و گومانی زیاتری لەو ڕووەوە هێنایە ئارا».

شەوبەکی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە «القاعده فی بلاد المغرب الإسلامی» هەمان ئەزمونی توندوتیژی گروپە چەکدارەکانی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو دووبارە دەکاتەوە کە ئەو کات ئەو وڵاتانە «زەویەکی بە پیت بوون بۆ سەرهەڵدانو دەرکەوتنییان».

## خەسڵەتەکانی ڕاگەیاندن

«لەو ڕوانگەیەی کە دەیەوێت لەو وڵاتە دەرببیەڕێنێت» بە بۆچونی (بولەحیە) قاعیدە شەرعیەتی داوە بە داگیر کردنی عیراق، بۆیە لە خۆرئاوای عەرەبیش «ئیدارەی ئەمریکا خواستی زیاتر دەبێت لەسەر فشارخستنە سەر جەزائیرو وڵاتانی خۆرئاوای عەرەبیو وڵاتانی ئەفریقا بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازیو قایمکردنی بارودۆخو کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە».

بولەحیە تەئکید لەوەشدەکاتەو کە هەڕەشەکانی قاعیدە بۆ بەرفراوانکردنی چالاکیەکانی لە دەرەوەی جەزائیر زیادەڕۆیی تێدایە لەڕووی ڕاگەیاندنەوە، تاکە لایەنی سودمەند لە چالاکی ئەو ڕێکخراوە لە خۆرئاوای عەرەبی سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمریکایەو قاعیدەش بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخراوێکی بێ ئایندەیە بەو پێیەی کە بەردەوامە لە ئەنجامدانی هەڵەو بیانوهێنانەوە بۆ تاوانەکانی دژ بە مەدەنیەکان لە ناوچە جیاجیاکاندا.

## قاعیدە بەم شێوەیە چالاکیەکانی بەڕیوەدەبات

ئەو نامانەی کە لەلایەن ئوسامە بن لادنو ئەیمەن زەواهیریەوە ڕەوانە دەکران، بەڵگەبوون لەسەر ئەوەی کە هەردووکیان بەشێوەیەکی ورد بەدواداچونییان هەبووە بۆ ڕوداوە جیاجیاکانی جیهان.

وێڕای تازە سەرهەڵدانی ئەو ئەنجومەنانە جگە لە ئەنجومەنەکانی پارێزگای ئەنبار، لە نامەیەکی دەنگیدا سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە قسە لەگەڵ ئەنجومەنەکانی سەحوەی عیراقدا دەکات.

هەرچەندە ئەنجومەنەکانی سەحوەو ئیسناد ڕایانگەیاندبوو کە دەبێت داوای لێبوردن لە گەلی عیراق بکاتو چالاکیە چەکدارییەکانی ڕابگرێت، لە نامەیەکدا بن لادن هۆشداری دەداتە ئەنجومەنەکانو ڕوبەری هێرشو پەلامارە خۆکوژیەکانو تیرۆرکردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە زیاتر دەکات.

زنجیرەی ئەو هێرشانەی کە لە ڕوبەرێکی جوگرافیدا لە ئەفغانستانەوە بۆ پاکستانو عیراقو باکووری ئەفریقا تا دەگاتە ئەوروپا ئەنجامدەدرێنو درێژدەبنەوە، فەلسەفەیەکی دیاریکراوی لێوەدەردەکەوێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ململانێیە، بۆیە لێرەدا شیاوە بپرسین، قاعیدە چۆن چالاکیەکانی خۆی لە جیهاندا بەڕێوەدەبات؟

جگە لە حاڵەتی دەرچوون لە ئاراستەکردندنەکانیدا لە عیراق، هەموو ئەو ئامانجانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی قاعیدەوە لە جیهاندا ئەنجامدەدرێن، بەشێوەیەک لەشێوەکان هەڵدەبژێردرێن تاوەکو لێوەی کۆمەڵێک ئامانجی تر بەدیبهێنرێن کە لایەنی ئیعلامی لەو نێوەندەدا لەپێشنگدا دەبێت.

هێرشکردنە سەر باڵێوزخانەی ئەمریکا لە تەنزانیاو لێدانی کەشتی کوڵ لە سنورە دەریاییەکانی یەمەنو خاپوورکردنی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا، هێرشو پەلامارەکانی یانزەی سێپتەمبەرو جەختکردنەوە لەسەر تیرۆرکردنی بێنەزیر بۆتۆ و بەدیهێنای ئامانجەکە، تەئکیدکردنەوەیە لەوەی کە ڕێکخراوی قاعیدە چالاکیە چەکدارییەکانی خۆی لەسەر بنەمای خۆلادان لە پرۆسە بچوکەکان بنیاتدەنێت کە دەکرێت لەڕووی ڕاگەیاندنەوە بەئاسانی پشتگوێ بخرێن، بۆیە پێداگرە لەسەر ئەنجامدانی هێرشە گەورەکان کە ناکرێت پەردەپۆش بکرێن و بشاردرێنەوە.

هەڵبژردنی ئەو جۆرە ئامانجانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ڕێکخراوەکە پسپۆڕی و شارەزاییەکی باشی لەبەردەستدایە کە هەڵگری سیمای هەواڵگرین، بەو واتایەی کە شارەزایانی دەزگا هەواڵگریە پسپۆڕو ڕاهێنراوەکان و ئەوانەی خاوەن ئەزمونێکی زۆرن کاریان لەگەڵدا دەکەن، بەدیوێکی دیکەدا لەلایەن دەزگا هەواڵگریە نێودەوڵەتیەکانەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی دەکرێن، چونکە هەندێک لە لایەنەکان بەرژەوەندی ڕاستەقینەیان هەیە لە ئاراستەکردنی هەوڵەکانی قلاعیدە بە ئاقاری لێدانی ئەو بەرژەوەندیانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەواندا یەکناگرێتەوە، چونکە ئەو ڕوداوانەی کە ڕوودەدەن ناکرێت بمانگەیەننە ئەو بڕوایەی کە قاعیدە تەنیا پشت بە توانا خۆییەکانی ڕێکخراوەکە دەبەستێت، ئەوەی پێداچونەوەش بۆ هێرشە سەرەکیەکان بکات لە عیراقدا و وابەستەی هێرشەکانی

دیکەی بکات، ڕەنگە بگاتە ئەو دەرەنجامە.

## ڕیزبەندی سەرکردایەتی

گەر پێشبینیکردنی بوونی زنجیرەیەی پێکەوە گرێدراوی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانی قاعیده لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا، شتێکی گرانبێت، ئەوا شیاو نییە پێشبینی بکرێت هەموو ئەوانەی ڕوودەدەن دەرەنجامی نەخشەداڕشتنو ئاراستەکردنێکی لامەرکەزین، چونکە لامەرکەزی یەکلاکراوەیە لەوجۆرە کێشمەکێشانەدا، بەڵام دەکرێت بڵێین تائاستێک لامەرکەزین.

دانانی ئەمیرەکان لە دەرەوەی شوێنەکاندا، وەک ئەوەی کەسێک لە باکووری ئەفریقاوە بهێنرێتو لە شوێنو جێگەیەکی جوگرافی دیکەدا بکرێتە ئەمیر، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەرکەزی هەیە لە لایەنێک لە لایەنەکانی سنوری دەسەڵاتی سەرکردایەتی بۆ ڕێکخستنی چالاکیەکان.

تیرۆرکردنی بۆتۆ ناکرێت هەر تەنیا لەسەر بنەمای ناوچەیی تێگەیشتنمان بۆی هەبێت و لێکدانەوەی بۆ بکەین، بڕیارێکی لەو چەشنە کاریگەری بۆسەر باودۆخی ئەفغانستانو ناوچە خێڵەکیەکانی پاکستانو هەڵوێستی گشتی ئەو وڵاتە دەبوو، چونکە گەر یەکگرتوویی سوپاو هێزی سەرکردایەتیو پەیوەندیە پیشەییو عەقائیدیو ڕوحیەکانی نێوان سوپاو هێزەکانی ئاسایشو سەرۆک موشەڕەف نەبوایە لەو کاتەدا، ڕەنگە ئەو وڵاتە ڕووەو بارودۆخێکی نەخوازراو بڕۆیشتبا، ئەستەمە پێشبینی هاتنەناوەوەی هێزە خۆرئاواییەکانیش بکرێت وەک بارودۆخی ئێستای عیراق، خۆرئاواو خۆرهەڵاتیش ناتوانن هێزەکانییان بخە نێو جەنگەڵی پاکستانەوە کە ئەستەمە لە دەرەوەی ئەو چوارچارچێوانەی کە لەسەر بنەمای ناوچەگەریو خێڵەکی جیاجیا بەندن، ولائو پەیوەندییو بەرژەوەندیەکان دروستبکرێن.

ئەوەی لە ئەفغانستان ڕویدا حاڵەتێکی جیازبوو کە لەدەرەجامی بەرپەرچدانەوەی کۆمۆنیستیو پاشان بەرەنگاربوونەوەی تاڵیبان هاتەئارا.

٨ی مای ٢٠١٧

-----



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی شەشەم



ڕاوبۆچونەكان لەسەر ڕاستی ڕێكخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێكردنی چالاكیەكانی ئەو ڕێكخراوە جیاوازبوون، تا ئەو كاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێكخراوە تیرۆریستەكان كە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕكردن و ڕیشەكێشكردنی دەكرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەكی كورت چاو بەمێژووی ڕێكخراوی قاعیدەدا بخشێنین كە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەركردایەتی دەكرا و لەدوای كوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانكرا و دواتر ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی كە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێكخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەكانی قاعیدە لە چەند وڵاتێك كە زۆرێكیان دەكەونە ژێر كاریگەریی داعش و چەكدار و ئەندامەكانی ریزی ڕێكخراوەكە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێكخراوە كۆنەكەیان جێدەهێڵن.

### بەئامانجكردنی سەحوە

بەئامانجكردنی ئەنجومەنەكانی سەحوەو ئیسناد لە عیراق، كاردانەوەیەكی ڕوون بوو بۆ دەسەڵاتی مەركەزی ڕێكخراوەیی قاعیدە كە لە نامەكەی بن لادندا بەشێوەیەكی ئاشكرا خرایە ڕوو.

هەنگاوێكی لەوجۆرە واتای ناچاربوونی قاعیدەی دەگەیاند بۆ ڕیزبەندكردنی ئامانجەكانی، چونكە لەچەند ساڵی ڕابردوو ئامانجی سەرەكی ئەو ڕێكخراوە، دروستكردنی جەنگی ئەهلی بوو لە عیراق، لەسەر بنەمای تایەفەگەری وەك قۆناغی



سەرچاوە Serchawe

یەكەمو پاشان لە قۆناغەكانی دواتردا لەسەر بنەمای نەژادی، بەڵام ئەو گورزانەی كە بەر ڕێكخراوەكە كەوت لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧دا، قاعیدەی ناچاركرد ڕێزبەندی ئامانجەكانی بگۆڕێتو بە دیاریكردنی ئامانجەكانیدا بچێتەوە.

قاعیدە قەبارەی هێرشەكانی بۆسەر هێزەكانی ئەمریكا كەمكردەوەو ئەو هێرشو پەلامارانەشی كەمكردەوە كە سیمایەكی تایەفەگەرییان هەبوو تا هەوڵەكانی لەو كێشمەكێشانەدا چڕبكاتەوە كە پەیوەندییان بە لایەنەكانی فشاری میللیو ماددیەوە هەبوو لەو ناوچانەی كە زۆرینەی دانیشتوانی سوننە مەزهەبن.

خێرایی گواستنەوەی ئەزمونی ئەنجومەنەكانی سەحوەو ئیسناد بۆ ناوچەكانی تر، كاریگەریەكی زۆری لەسەر قاعیدە هەبوو.

دوای ئەو سەركەوتنە گەورەیەی كە كودەتای سوننە مەزهەباكان لە ئەنبارو هەندێك شوێنی دیكەی بەغدا بەسەر قاعیدەدا بەدیانهێنا، پێكهاتەی هاوشێوە لە پارێزگاكانی موسڵو سەلاحەدینو دیالەو شوێنەكانی تری عیراق دروستبوونو باودۆخی بەغدا لە یوسفیەو دۆرەو لەتیفیەو تارمیەو ناوچەكانی دیكە گۆڕانكارییان بەسەرداهات.

گواستنەوەی تاقیكردنەوەی سەحوەو ئیسناد، هەڕەشەیەكی گەورەی لەسەر بوونی قاعیدە لە عیراق دروستكرد كە لە دوو ساڵو سێ ساڵی سەرەتادا توانی هاوكێشەی قورس بەدیبهێنێتو گەر ئەو گۆڕانكاریانە نەبونایە كە لە ستراتیژیەكانی كاری بەرامبەردا ئەنجامدران، خەریك بوو عیراق ڕووەو دارمانو ماڵوێرانیەكی گەورە مل بنێت.

ئەو هێرشانەی كە لەلایەن ڕێكخراوی قاعیدەوە دژ بە ئەنجومەنەكانی سەحوە ئەنجامدران، بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە ئامانجی ناوەندی ئەو ڕێكخراوە لە عیراق ڕوونو ئاشكرابوو كە خۆی لە لێدانی پرۆسەی كودەتای سوننەكاندا دەبینێتەوە وەك هەوڵێك بۆ ڕێگرتن لە پەرەسەندنی هاوشێوە لە تەواوی ئەو ناوچانەی كە بە ناوچە گەرمەكان ناوزەند دەكران.

لەوڕوانگەیەوە شتێكی چاوەڕوانكراوبوو هێرشەكان لەو ناوچانەدا زیادببنو هەوڵی گۆڕینی ئەو ئاراستانەی تێدا بدرێت.

دوای ئەوەی نەخشەكان لەسەر ئەوە بنیاتنرابوون كە بكرێنە بنكەیەك بۆ مەشقپێكردنو دەرچوونی چەكدارەكان بۆ وڵاتو هەرێمو گۆڕەپانەكانی تر، كەڵەكەبوونی شكستخواردنەكانی قاعیدە لە عیراق زیانی گەورەی بەو ڕێكخراوە گەیاند.

وازهێنانی بن لادن لە قسەكردن سەبارەت بە باودۆخی عیراق دوای چەند ساڵێك لە بێدەنگبونێكی ڕێژەیی، هەستكردنە بە مەترسی هەڵوێستو لەدەستدانی ئەو خاڵانە بوو كە ڕێكخراوەكە بە دەستكەوتی جێگیر دایدەنان، وێڕای كەڵەكەبوونی

تورەیی ناوەندە میللیە لە قاعیدە.

## شکستخواردن لە عیراق مانای شکستخواردنە بە هەموو پێوەرەکان.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕێکخراوی قاعیدە جەخت لەسەر سەنتەری ئامانجە سەرەکیەکانو چالاکیو ئاراستەکردنەکانو چونەناوەوە بۆ ئەو ناوچانە دەکاتەوە کە کاریگەریەکی زیاتریان هەیە، ئەوەش ئاسانکاری بۆ لایەنی بەرامبەر فەراهەم دەکات تا زانیاری زیاتری هەبێت لەسەر ڕایەڵەو جموجۆڵەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ناوچە جیاجیاکان.

## کوژرانی ئوسامە بن لادن

لە درەنگانێکی شەودا هێلیکپۆتەرەکانی ئەمریکا لە ناوچەی «ئەبوت ئاباد»ی باکووری ئیسلام ئاباد، لە تەلارێکی گەورە نزیک دەبنەوە کە چواردەوری بە شورایەکی بەرزتەنراوە، ئامانج لەو کارە دەستگیرکردن یان کوشتنی مەترسیدارترین سەرکردەی تیرۆریستی بوو کە ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ نزیکەی دە ساڵ دەچوو بەشوێنیدا دەگەڕا.

هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا لەو پرۆسەیەدا کە بە «پرۆسەی نەشتەرگەری لەناکاو» وەسفکرا، لەماوەی کەمتر لە ٤٠ خولەک، توانیان تەرمی ئوسامە بن لادن سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە لەگەڵ خۆیاندا ببەن و تۆڵەی پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بکەنەوە.

دوای نزیکەی دەساڵ لە بەدوادا گەڕانێکی بەردەوام، باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا، لە ٢ - ٥ - ٢٠١١ سەرکەوتنی ئەمریکای بەسەر ڕێکخراوی قاعیدە و کوشتنی ئوسامە بن لادنی ڕاگەیاند.

لەسەرەتاوە بەرپرسانی ئەمریکا وردەکاری پرۆسەکە و ژمارەی ئەو هێزە تایبەتەیان نەخستەڕوو کە سەر بە هێزی دەریاوانی «seals » بوون، بەڵام وەسفی ئەو سیناریۆیەیان بۆ ڕۆژنامەوانان ئاشکرا کرد کە بە گوتەی خۆیان لە دۆزینەوە و چاودێریکردنی یەکێک لە نێردە و چاوساغەکانی بن لادنەوە دەستی پێکردووە.

**بەرپرسانی ئەمریکا لەو بارەیەوە دەڵێن:** «نزیکەی دوو ساڵ چاوێری ئەو کەسە باوەڕپێکراوەی بن لادن کرا، تا دواجار لە مانگی ئابی ٢٠١٠ توانرا جێنیشتەجێبوونی سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە دەستنیشان بکرێت کە لە تەلارێکی بەرفراوان و گەورە و دابڕاودا بوو لە ناوچەی (ئەبوت ئاباد) کە ٦٢ میل لە ئیسلام ئابادی پایتەختی پاکستانەوە دوورە».

**بەرپرسێکی ئەمریکا لەو ڕووەوە وتی:** «کاتێک تەلارەکەمان بینی، سەرمان سوڕما .. بەڕاستی دەگمەن بوو، هەشت هێندەی هەموو ئەو تەلار و خانوانە دەبوو کە لەو شوێنەدابوون».

تەلارەکە کە چەند خانویەکی تر لەدەوروبەری بوو، لە سێ نهۆم پێکهاتبوو، ڕێگەی چوونە ژوورەوەی ڕێڕەوی تەسکبوو، شوێنەکە بەباشی پاسەوانی دەکرا، بەرزی دیوارەکانی ١٨پێ دەبوو، پاشان بە تەلی دڕکاوی چواردەوری گیرابوو لە سەرەوە، دانیشتووی ئەو جێگەیە بەپێچەوانەی خەڵکانی تری ناوچەکە، بەردەوام خۆڵ و خاشاک و زبڵ و پاشەڕۆکانیان دەسوتاند.

تێکڕای زانیارییە هەواڵگرییەکان تەئکیدیان لەوەکردەوە کە ئەو شوێنە، بەتایبەتی بۆ داڵدەدان و خۆشاردنەوەی کەسێکی گومانلێکراوی تیرۆریستی دەرکەوتوو، بنیاتنراوە کە ڕەنگە بن لادن بێت.

ئەو تەلارە گەورەیە کە نرخەکەی بە زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار مەزەندەکرا، هیچ ئامرازێکی پەیوەندی وەک تەلەفۆن و ئینتەرنێتی تێدانەبوو.

سەرچاوە بەرپرسەکانی ئەمریکا باس لەوە دەکەن، تیمێکی بچوک لە هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا پەلاماری شوێنەکەیانداوە و لەلایەن بن لادن و سێ پیاوی ترەوە موقاوەمەکراون کە دواتر پێکداهەڵپژانێکی چەکدارانەی توندی لێکەوتۆتەوە.

ڕووبەڕووبونەوە چەکداریەکە، بە کوژرانی چوار پیاو و ژنێک کۆتایی دێت، سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە کە نزیکەی دە ساڵ بەچاکی خۆی لە ولایەتە یەکگرتووەکان شاردبۆوە، بە گوللەیەک کە بەر سەری کەوتبوو، دەکوژرێت و بەپێی سەرچاوە ئاگادارەکانی ئەمریکا، تەرمەکەی فڕێدەدرێتە نێو دەریاوە.

تەکنیکی ناسینەوەی ڕوخسا و تەکنیکەکانی تر بۆ دڵنیابوون لە ناسنامەی بن لادن دەکرێت و هەموو ئەوانەش تەئکیدیان لەوەکردەوە کە تەرمەکە، تەرمی سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدەیە.

وێڕای ئەوەی ئیدارەی واشنتۆن پێداگری لەوەکردەوە کە پرۆسەکە نهێنی بووە و تەنیا ژمارەیەکی کەم لە بەرپرسانی ئەمریکا بەئاگابوون لێی، بەڵام پاکستان ئاماژە بە ئامادبوون و بەشداری هێزێکی سەر بە دەزگای هەواڵگری نەتەوەیی وڵاتەکەی دەکات لە پرۆسەکەدا.

٢٠١٧ - ٥ - ٢٢

## بەشی حەوتەم




ڕاوبۆچونەكان لەسەر ڕاستی ڕێكخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێكردنی چالاكیەكانی ئەو ڕێكخراوە جیاوازبوون، تا ئەو كاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێكخراوە تیرۆریستەكان كە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕكردن و ڕیشەكێشكردنی دەكرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەكی كورت چاو بەمێژووی ڕێكخراوی قاعیدەدا بخشێنین كە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەركردایەتی دەكرا و لەدوای كوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانكرا و دواتر ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی كە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێكخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەكانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک كە زۆرێكیان دەكەونە ژێر كاریگەریی داعش و چەكدار و ئەندامەكانی ریزی ڕێكخراوەكە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێكخراوە كۆنەكەیان جێدەهێڵن.

### جێگرەوەیەكی توندڕەوتر

ڕێكخراوی قاعیدە لەپاش كوژرانی ئوسامە بن لادن و پوكانەوەی چالاكییەكانی لەڕووی فكرییەوە، ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق كە لقی ڕێكخراوەكە بوو لە عیراق وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، چالاكییەكانی ڕوویان لە فراوان بوون كرد و گەیشتە سوریا و تێكەڵ بە ململانێكانی ئەو وڵاتە بوو.

ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق، لەگەڵ چوونە سوریادا ناوی ڕێكخراوەكەی لە ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە



سەرچاوە Serchawe

عیراقەوە گۆڕی بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام، ئەوەش وایکرد چالاکییەکانی هێندەی تر لەو وڵاتە برەوییان هەبێت و دەست بەسەر ناوچەیەکی بەریندا بگرێت.

ئەو هەنگاوەی «داعش» کە (کورتکراوەی ناوی ڕێکخراوەکەیە) هاوکات بوو لەگەڵ یەکگرتنی لەگەڵ بەرەی نوسرە (لقی ڕێکخراوی قاعیدە لە سوریا)، بەڵام ئەیمەن زەواهیری سەرکردەی قاعیدە ئەو کارەی بەلاوە سەپەند نەبوو، بۆیە هەرزوو داوای لە بەرەی نوسرە کرد، پاشەکشە بکات لەو یەکگرتنە و وەک لقی ڕێکخراوەکە لە سوریادا بمێنێتەوە و ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیش (لقی قاعیدە لە عیراق) بەهەمان شێوە رۆڵی خۆی لە عیراقدا برەو پێبدات.

ئەو داوایەی زەواهیری لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی نوسرەوە کە لەلایەن ئەبو محەمەد جولانییەوە سەرکردایەتی دەکرا جێبەجێکرا، بەڵام زۆرێک لە چەکدارانی ڕێکخراوەکە لە سوریا، لەگەڵ «داعش»دا مانەوە و ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەیان بەجێنەهێشت.

## ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، گروپێکی توندڕەون و ناوچەیەکی زۆرییان لە خۆرهەڵاتی سوریا و باکوور و خۆرئاوای عیراق کۆنترۆڵ کرد.

شێوازە وەحشیگەرایییەکانی ڕێکخراوەکە لە کوشتنی بە کۆمەڵ و لاقەکردنی ژنانی کەمینە ئاینی و ئەتینییەکان، سەرپەڕاندنی رۆژنامەوانان و سەربازەکان، حاڵەتێکی ترس و توڕەیی لە هەموو جیهاندا دروستکرد، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی بە ڕێکخراوێکی توندڕەوتر لە ڕێکخراوی قاعیدە ناوببرێت و بیرۆکەی دەستوەردانی سەربازیی ئەمریکایی بهێنێتەوەئارا.

دەستوەردانی سەربازی ئەمریکایی (هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش)، هاوکات بوو لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ (سەنتەری پارێزگای نەینەوا) لەلایەن داعش لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ کە دواتر پشڕەوییەکانی ڕێکخراوەکە درێژەی کێشا و بووە مایەی ئەوەی داعش دەست بەسەر ناوچەیەکی بەرین لە پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەدین و دیالە و باشووری کەرکوکدا بگرێت.

## ئامانجەکانی دەوڵەتی ئیسلامی؟

ڕێکخراوەکە هەوڵ بۆ دامەزراندنی «خیلافەت» دەدات کە لەلایەن سەرکردەیەکی سیاسی بەپێی بنەماکانی شەریعەتی

ئیسلامی، حوکمڕانی دەکرێت.

وێڕای ئەوەی دەوڵەتەکە تائێستا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە عیراق و سوریا لە کەمبوونەوەدایە، بەڵام «بەڵێنیداوە» سنورەکانی ئوردن و لوبنان ببڕێت و «فەلەستین رزگاربکات».

رێکخراوەکە لایەنگرێکی زۆری ناوچە جیاجیاکانی جیهانەوە بەلای خۆیدا راکێشا کە داوایان لێکرا بەیعەت بە خەلیفە بدن کە ئیبراهیم عەوەز ئیبراهیم عەلی بەدری سامەڕائی ناسراو بە «ئەبو بەکر بەغدادی» بوو.

زۆرێک لە لایەنگرانی بەیعەتیان دا بە ئەبو بەکر بەغدادای وەک خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی کە لەلایەن ئەوانەوە بە «خەلیفە ئیبراهیم» ناودەبرا.

## رێکخراوەکە چۆن دەستپێکرد؟

بنەمای رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ رێکخراوی تەوحید و جیهاد دەگەڕێتەوە کە لەلاریەن ئەبو موسعەب زەرقاوییەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزرێندرا.

لەپاش داگیرکردنی ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣، زرقاوی هاوپەیمانییەکی لەگەڵ ئوسامە بن لادندا بەست بۆ دامەزراندنی رێکخراوی قاعیدە لە عیراق کە دواتر بووە یەکێک لە گەورەترین گروپە چەکدارەکان لە ناوچەکەدا.

لەپاش کوژرانی زەرقاوی لە ساڵی ٢٠٠٦، رێکخراوەکە چووە ژێر چەترێکی گەورەتر کە بە «دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق» ناسرا، بەڵام ئەو رێکخراوە نوێیە بەو هۆیەی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کرایە ئامانج و ئەنجومەنەکانی سەحوە لە دژی راوەستان، دووچاری لاوازبوون بووەوە.

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٠ سەرکردایەتی رێکخراوەکە کەوتە دەستی بەغدادی، کار گێڕانەوەی توانا چەکدارییەکانی رێکخراوەکە کرا و لەگەڵ هاتنەبەری ساڵی ٢٠١٣ سەرلەنوێ رێکخراوەکە لە هەموو مانگێکدا دەیان هێرشی لە عیراق ئەنجامدەدا، لە سوریاش لەژێر ناوی بەرەی نوسرە چووە ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە لە دژی سەرۆک بەشار ئەسەد.

لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٣، بەغدادی یەکخستنی هێزەکانی لە عیراق و سوریا لە چوارچێوەی رێکخراوێکدا راگەیاند کە



سەرچاوە Serchawe

«دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام» (داعش) بوو، سەرکردەکانی بەرەی نوسرە و قاعیدە ئەو یەکخستنەیان رەتکردەوە، چەکدارەکانی سەر بە بەغدادی لە بەرەی نوسرە جیابوونەوە، ئەوەش یاریدەدەر بوو بۆ ئەوەی داعش لە سوریادا بمێنێتەوە.

لەگەڵ کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٣، رێکخراوەکە فورسایی خۆی لە عیراقدا کۆکردەوە و ململانێی سیاسی نێوان حکومەت (بە سەرکردەیەتی شیعە)ی لەگەڵ تایەفەی سوننەدا قۆستەوە و بە پاڵپشتی هۆزەکان توانی دەست بەسەر شاری فەللوجەدا بگرێت.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ داعش توانای شاری موسڵ لە باکووری عیراق کۆنترۆڵ بکات و لە باشوورەوە بەرەو بەغدا بکشێت.

لە کۆتایی ئەو مانگەدا و دوای ئەوەی داعش دەستی بەسەر دەیان شار و شارۆچکەدا گرت، رێکخراوەکە دامەزراندنی خیلافەتی راگەیاند و ناوی خۆی گۆڕی بە «دەوڵەتی ئیسلامی».

## قەبارەی رووبەری ئەو ناوچانە چەندبوو کە دەوڵەتی ئیسلامی کۆنترۆڵی کردن؟

رووبەری ئەو ناوچانەی لەلایەن رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و هاوپەیمانەکانی کۆنترۆڵکرا بە نزیکەی ٤٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە لە عیراق و سوریا مەزەندەکرا، ئەوەش هێندەی رووبەری دەوڵەتی بەلجیکایە.

هەندێکی تر پێیانوابوو دەوڵەتی ئیسلامی دەستی بەسەر نزیکەی ٩٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەدا گرتووە کە نزیکەی رووبەری دەوڵەتی ئوردن دەکات.
ئەو رووبەرە لەو دەمەدا شارەکانی موسڵ، تکریت، فەللوجە، تەلەعفەر لە عیراق، و رەقەی لە سوریا پێکدەهێنا، بە هەمان شێوە رێکخراوەکە دەستی بەسەر چەندان بیرە نەوت و بەنداو و رێگەی سەرەکی و مەرزی سنوریدا گرتبوو.

**مەزەندەکرا نزیکەی هەشت ملیۆن کەس لەو ناوچانەدا بژین کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی.**

داعش چەمکە توندەکانی شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ دەکرد، ژنانی ناچار دەکرد پەچە بکەن و سەرپۆش لەسەر بکەن، شوێنکەوتوانی ئاینەکانی تریشی ناچار دەکرد (جزیە) بدەن یان بێنە نێو ئاینی ئیسلام، سزاکانی وەک جەڵدکردن و لەسێدارەدان و گوللەباران و سەربڕینیشی بەسەر ئەوانەدا دەسەپاند کە سەرپێچی یاساکانی رێکخراوەکەیان دەکرد.



سەرچاوە
Serchawe

## ژمارەی چەکدارانی رێکخراوەکە

بەبۆچوونی بەرپرسانی ئەمریکایی لە ساڵی ٢٠١٤، ژمارەی چەکدارنی دەوڵەتی ئیسلامی نزیکەی ١٥ هەزار کەس دەبوون، بەڵام هیشام هاشمی لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا ژمارەی چەکدارانی رێکخراوەکەی بە ٣٠ بۆ ٥٠ هەزار چەکدار مەزەندە کرد کە بە وتەی ئەو ٣٠%یان بە بڕوای تەواوەوە چوبوونە ریزەکانی رێکخراوەکە و ئەوانی تریش یان بەهۆی ترسەوە یان بەهۆی سەرکوتکردنەوە ناچاربوون چەک هەڵبگرن.

داعش ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانی لەخۆگرت کە نە عیراقی بوون و نە سوری، بە بۆچوونی گروپی سوفانی ئەمریکایی کە پسپۆڕە لەکاروباری هەواڵگری، زیاتر لە ١٢ هەزار چەکداری بیانی لە ٨١ دەوڵەتەوە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا سەفەرییان کردووە بۆ سوریا تا لە ریزی رێکخراوە توندڕەوەکاندا شەڕ بکەن، لەو چوارچێوەیەشدا دوو هەزار و ٥٠٠ هاوڵاتی وڵاتە خۆراواییەکانیان تێدابووە.

٢٩ - ٥ - ٢٠١٧

-----

## بەشی هەشتەم

## قاعیده و داعش سەرهەڵدان و چالاکییەکانیان



ڕاوبۆچونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا و دواتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەکانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک کە زۆرێکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی داعش و چەکدار و ئەندامەکانی ریزی ڕێکخراوەکە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێکخراوە کۆنەکەیان جێدەهێڵن.

## داعش خاوەنی چ جۆرە چەکێکە؟

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، خاوەنی بڕێکی زۆر لە چەکی سوک و قورسە، لەنێوانیاندا ڕەشاش و سەکۆی هەڵدانی موشەک، موشەکی دژە فڕۆکە، سیستمی چەکی زەوی - بە ئاسمان کە دەخرێتە سەر شان، وێڕای ئەوەی دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە تانک و زرێپۆشی هەردوو سوپای عیراق و سوریادا گرت.

**وەک تۆڕی (بی بی سی) ئاماژەی بۆکردبوو، داعش خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورەی کۆمەک و چەک و تەقەمەنییە، بەهۆی ئەو پڕچەکردنەشەوە، ڕێکخراوەکە لە مانگی ئابی** 2014 **زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەتواناتر بوو، ئەوەش بۆ هەموان بووە مایەی شۆک.**

## کێ کۆمەکی داعشی دەکرد؟

لەپاش ساڵی ٢٠١٤ سەروەت و سامانەکانی داعش بە دوو ملیار دۆلار مەزندەکرا، ئەوەش وایکرد ببێتە دەوڵەمەندترین گروپە چەکدارەکان لەسەر ئاستی جیهان، ئەوەش بەهۆی ئەو کۆمەکە داراییەی کە لەشێوەی بەخشین لەلایەن هەندێک لە دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی کەنداوەوە بە ڕێکخراوەکە دەگەیشت.

داعش لەو دەمەدا بەو هۆیەی داهاتی فرۆشتنی لە بیرە نەوتەکان و کێڵگەکانی غازی ژێر دەسەڵاتی چەندان ملیۆن دۆلار بوو، توانی بگاتە ئاستی خۆژێیەنی، وێڕای داهاتەکانی باج و قاچاخچییەتیکردن و وەرگرتنی پارەی فیدیە.

هەروەها ڕێکخراوەکە لەکاتی پەلامارەکانی لە عیراق، دەستی بەسەر بڕێکی زۆری پارەوپولدا گرت لەو بانکانەی لە شار و شارۆچکەداندابوون کە لەلایەن چەکدارەکانییەوە دەستییان بەسەرداگیرا.



سەرچاوە Serchawe

## بۆچی داعش شێوازیی دڕندانەی بەكارهێنا؟

ئەندامانی ڕێكخراوەكە پابەندی لێكدانەوە و شیكارییەكی توندڕەوی ئیسلامی سوننەن، بە تەنیا خۆیان بە بڕواداری ڕاستەقینە دادەنێن.

هەروەها پێیانوایە پاشماوەی جیهان تەنیا خەڵكانێكن كە بێ باوەڕن و كار بۆ لەناوبرنی ئیسلام دەكەن، ئەوەش وەک بیانویەكە بۆ ئەو هێرش و پەلامارانەی لە دژی مسوڵمانان و نا مسوڵمانەكانی تر بەبێ جیاوازیی، بەكاریی دەهێنن.

ڕێكخراوەكە سەربڕین و لەخاچدان و گوللەبارانكرنی بەكۆمەڵی لە دژی دوژمنانی ئەنجام دەدا، ئەندامانی داعش پشتیيان بەهەندێک ئایەتی قورئان بەستووە بۆ پەڕاندنی سەری كافرەكان، بەڵام هەموو مسوڵمانان خۆیان لەو كاروكردەوە دڕندانەیە بێبەری كرد.

ئەیمەن زەواهیری سەركردەی ڕێكخراوی قاعیدە لە ساڵی ٢٠٠٥ هۆشداریدایە زەرقاوی لەبەرانبەر ئەو كاروكردەوانەی ئەنجامیان دەدا و بە هۆكاریی لەدەستدانی «عەقڵ و دڵی مسوڵمانان» وەسفكردن و لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٤شدا كاروكردەوە و هەڵسوكەوتەكانی ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە سوریا مەحكوم كرد.

## ئەبوبەكر بەغدادی و دروستبوونی داعش لە سوریا

لە پاش ڕاگەیاندنی كوژرانی «ئەبو عومەر بەغدادی» لەلایەن ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ئۆپەراسیۆنێكدا لە ساڵی ٢٠١٠، «ئەبو بەكر بەغدادی» بووە سەركردەی ڕێكخراوی داوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و لەسەر ڕێڕەوی سەركردەی پێشووی ڕێكخراوەكە ڕێی كرد لە ئەنجامدانی كارە تیرۆریستییەكان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی تەنگژەكانی سوریا و دروستبوونی جەنگی ئەهلی لەو وڵاتەش، «ئەبو محەمەد جۆلانی» (بەڕەگەز سوری) كە یەكێک بوو لە یاریدەدەرانی ئەبو بەكر بەغدادی، لە «دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق» لەگەڵ گروپێک لە سوریەكانی تردا جیابوونەوە و «بەرەی نوسرە» یان لەنێو خاكی سوریادا دامەزراند و لەگەڵ گروپەكانی تردا دەستییان بە چالاكی چەكداریی كرد لەدژی هێزە حكومییەكانی سوریا.

له قۆناغی یەكەمی شەڕدا، جۆلانی توانی دەستكەوتی سەربازی له دژی هێزەكانی حكومەتی سوریا دەستەبەربكات، ئەوەش خواستەكانی بەغدادی زیادكرد، تا تەبەنای دەستەكەوتەكانی «بەرەی نوسره» و جۆلانی سەركردەكەی بكات له سوریا كه پێشتر له چوارچێوەی «دەوڵەتی ئیسلامی له عیراق»دا كارییان دەكرد.

وەك هەوڵێك بۆ پەلكێشكردنی بەرەی نوسره بۆ نێو ریزی رێكخراوەكەی، بەغدادی له ساڵی ٢٠١٣، دامەزراندنی «دەوڵەتی ئیسلامی له عیراق و شام» (داعش)ی بەشێوەیەكی تاك لایەنه راگەیاند، ئەوەش وایكرد رێكخراوەكه له سوریادا بەشێوەیەكی خێرا گەشەبكات و فراوان ببێت.

رێكخراوی «داعش» چووە نێو شەڕەكانی سوریاوە، بەڵام له بری بەگژداچوونەوەی هێزەكانی حكومەتی سوریا، پێی باشتر بوو دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت كه ئۆپۆزسیۆن پێشتر له باكووری وڵاتەكه كۆنترۆڵی كردبوون، بەوشێوەیە رێكخراوەكه رۆڵی له لاوازكردنی ئۆپۆزسیۆن و پتەوكردنی مشتی هێزەكانی ئەسەددا هەبوو لەو ناوچانەی لەژێر كۆنترۆڵیدا نەمابوون.

## شەڕی داعش و بەرەی نوسەره

پێكداهەڵپژانی توند لەنێوان داعش و بەرەی نوسره دروستبوو، به تایبەت لەپاش كوژرانی ژمارەیەك چەكداری داعش، بۆیە له ٢٣ی شوباتی ٢٠١٤، «ئەبو خالید سوری» لەلایەن ئەیمەن زەواهیری سەركردەی رێكخراوی قاعیدەوە راسپێردرا تا كار بۆ رەواندنەوەی ئەو ناكۆكیانه بكات كه لەنێوان داعش و بەرەی نوسره دروستبوون.

لەدوای كوژرانی «ئەبو خالید»، جۆلانی تۆمارێكی دەنگی بڵاوكردەوە و هەڕەشەی له «داعش» كرد، بۆیە یەكەم شەڕی بەرەی نوسره و داعش له پارێزگای دێر ئەلزۆر (خۆرهەڵاتی سوریا) دەستیپێكرد، ئەوە لەكاتێكدابوو كه «داعش» نەك هەر بەرەی نوسره، بگره به گژ هەموو گروپه چەكدارەكانی ئۆپۆزسیۆندا چووبووەوە كه له دژی هێزەكانی بەشار ئەسەد لەشەڕدابوون.

هەندێك لەو تیرۆركردانەی كه داعش له دژی سەركردەكانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئەنجامیدان، كوشتنی «ئەبو بەسیر جەبلاوی» یەكێك له فەرماندەكانی سوپای سوریا بوو له پارێزگای لازقیه (خۆرئاوای سوریا)، كوشتنی »ئەبو عوبەیدەی بنشی« یەكێك له سەركردەكانی بزوتنەوەی ئەحرار شام، وێرای كوشتنی «ئەبو میقداد» فەرماندە له لیوای تۆپخانەی هەمان بزوتنەوە.

ئەوانەش هاوکات بوون لەگەڵ لەسێدارەدانی پیاوانی ئاینی مەسیحی لەلایەن داعشەوە کە بووە مایەی ئەوەی دیدێکی خراپ لەلایەن جیهانی خۆرئاواوە لەسەر هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دروست ببێت، بەوپێیەی ڕێکخراوەکە خۆی وەک «نەیارێکی ڕژێمی سوریا» دەناساند، وێڕای لایەنگری و پشتیوانیکردنی زۆربەی مەسیحییەکان بۆ هێزەکانی بەشار ئەسەد، بەهۆی ئەو کارە دڕندانانەی لەدەرهەقیان ئەنجامدران.

## داعش و هۆزە سوننەکانی عیراق

لەو خاڵانەی بونە مایەی پتەوکردنی هێز و تواناکانی داعش لە ناوچەکە، هەڵاتنی نزیکەی ١٠٠٠ زیندانی بوو لە گرتوخانەی »ئەبو غرێب» لە عیراق، ئەویش لەپاش پەلامارێکی خۆکوژی کە لە مانگی تەمموزی ٢٠١٣ بۆ ئەو مەبەستە کرایە سەر گرتوخانەکە، بەجۆرێک چەندان کەس لەوانەی لە گرتوخانەکە هەڵاتن، لەدواییدا بونە سەرکردەی داعش، وێڕای هەڵاتنی چەندان کەس لە لایەنگرانی سەدام حسێن سەرۆکی لەسێدارەدراوی عیراق.

میدیاکانی عیراق لەو دەمەدا هەواڵی هەڵاتنی زیندانیانی ئەبو غرێبیان وەها باس کرد «هەندێک لە ئەندامانی پێشووی ڕێکخراوی قاعیدە، رازیی بوون لەگەڵ هەواڵگری وڵاتێکی دراوسێ مامەڵە بکەن، بۆیە چونە ریزەکانی ڕێکخراوی داعش».

لەو دەمەدا نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عیراق، کێبڕکێی ئەمریکا و ئێرانی لە ناوچەکەدا قۆستەوە و هێرشی تایەفەگەریی لە دژی عەرەبە سوننەکانی عیراق ئەنجامدا، ئەوەش لە ساڵی ٢٠١٤، بووە مایەی بەرپابوونی بە ناو «شۆڕشی هۆزە عەرەبە سوننەکان» لە دژی مالیکی.

٥ی جوونی ٢٠١٧

-----



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی نۆیەم



ڕاوبۆچونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا و دواتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەکانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک کە زۆرێکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی داعش و چەکدار و ئەندامەکانی ریزی ڕێکخراوەکە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێکخراوە کۆنەکەیان جێدەهێڵن.

### کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ لەلایەن داعشەوە

داعش ڕاپەڕینی هۆزە سوننەکانی لە دژی حکومەتەکەی مالیکی و دەستوەردانی ئێرانی و ئەمریکایی لە عیراقدا قۆستەوە و ئەفسەرەکانی پێشووی لایەنگرانی سەدام حسێنی بۆ ریزەکانی ڕاکێشا کە دواتر بوونە عەقڵی سەربازی ڕێکخراوەکە.

داعش لەڕێی بەکارهێنانی سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی عیراقیدا، لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ بەبێ شەڕ و

رووبەڕبوونەوە لەگەڵ سوپای عیراق، دەستی بەسەر شاری موسڵ سەنتەری پارێزگای نەینەوادا گرت، دوای ئەوەش بەرەو بەغدای پایتەخت پێشڕەوی کرد، لەو نێوەندەشدا شارەکانی فەلوجە و زۆرێک لە ناوچەکانی پارێزگای دیالە و شاری تکریت زێدی سەدام حسێن و باشووری پارێزگای کەرکوکی کۆنترۆڵ کرد.

ڕێکخراوی داعش کە لایەنگرانی سەدام حسێن، و چەکدارانی هەژاری لەڕووی رۆشنبیری ئاینییەوە لەخۆی کۆکردەوە، دووژمنەکانی خۆی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لە وڵاتە خۆرئاواییەکان، و هەموو پێکهاتە نامسوڵمانەکانی ناوچەکە «سەربازیی بن یان مەدەنی« پێکهاتبوو، بەشەکەی تر ئەو مسوڵمانانە بوون کە وەلائو گوێڕایەڵییان بۆ ئەوان نەبوو، بۆیە لەلایەن ڕێکخراوەکەوە بە »هەڵگەڕاوە« وەسف دەکران.

داعش هەوڵ دەدات بە قێزەونترین شێوە دووژمنەکانی بتۆقێنێت و سزایان بدات، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ وێرانکردنی شوێنەوار و پێگە مێژووییەکان و میراتی کلتوری و شارستانی ناوچەکە.

## شاری رەقە و مۆڵگەی سەرەکی داعش لە سوریا

دواتر داعش دەستی بەسەر شاری رەقەی باکووری سوریادا گرت و کردیە مۆڵگەی سەرەکی خۆی لەو وڵاتە، هێرش و پەلامارەکانیشی بۆسەر ئەو ناوچانە بوو کە لەژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆندا بوون، ڕێڕەوە سنورییەکانی سوریا-تورکیا ئەو خاڵە گرنگانەی دەکردە ئامانج کە گرنگی ستراتیژییان هەبوو، ئەوەش بەمەبەستی پچڕاندنی ئەو ڕێڕەوانەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لێوەی دەگەیشتە دەرەوە، هاوکات هەماهەنگی و مامەڵەی لەگەڵ حکومەتی سوریا هەبوو، وێڕای کۆنترۆڵکردنی چەند بیرە نەوتێک لە ناوچەکە.

داعش کاتێک نەیارەکانی دەکوشت، جیاوازی لەنێوان منداڵ، یان ژن، یان رۆژنامەواندا نەدەکرد، زۆرێک لە پەیکەر و شوێنەوارە مێژووییەکانیشی تێکشکاند و خاپوری کردن بە بیانوی «هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا»،بەهۆی شێوازیی دڕندەیی و تیرۆریستانەی ڕێکخراوەکە، زۆرێک لە تورکمان و کوردەکان و ئێزدییەکان بەرەو تورکیا هەڵاتن.

«گرتنەبەری ئەو ستراتیژە لە ناوچەکانی سوریا و عیراق، هاوکات بوو لەگەڵ خواستی ئەو هێزانەی دەیانویست ناوچەکە دابەش بکەن، ئەوەش هێندەی تر گومانەکانی لەو بارەیەوە زیادکرد، بەجۆرێک ئاراستەی شەڕەکانی داعش وەها دەرکەوتن کە هەواڵگری بیانی لەنێو ریزەکانیدا هەبێت».



سەرچاوە
Serchawe

«لەو چوارچێوەیەشدا گومانەکان خۆیان لە هێرشەکانی داعش بۆسەر ناوچەی شنگالی ئێزدی لە عیراق و شاری کۆبانێ لە باکووری سوریا دەبینیەوە»، لەبری هێرشکردنە سەر پایتەختی ئەو دوو وڵاتە کە بەغدا و دیمەشقن، وێڕای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی سوریا لە پارێزگای دێر ئەلزوری خۆهەڵاتی وسوریا، ئەوەش پاڵپشتییەک بوو بۆ ئەو تیۆرەی کە دەڵێت «عەقڵی ستراتیژی ڕێکخراوەکە لەدەرەوە بەڕێوەدەبرێت».

«هەر لەو چوارچێوەیەدا گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی میانڕەوی سوریا کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوی «داعش»بوونەوە، ئامانجی سەرەکی فڕۆکەکانی روسیا بوون».

هەموو ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، دیدی ئۆپۆزسیۆنی سوریایە کە دەیەوێت دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد لە دیمەشق بڕوخێنێت و جێگەی بگرێتەوە.

داعش لەڕێی کارە تیرۆریستییەکانی، بووە مایەی بەرهەمهێنانی ئەو کەسێتی و لێدوانانەی کە تەوژمی ئیسلامۆفۆبیایان لە جیهان و وڵاتانی خۆرئاوا پتەوتردەکرد، وێڕای بڵاوکردنەوەی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی سەربڕین و شێوازەکانی تری کوشتن کە لێوەی ڕێکخراوەکە خۆی وەها دەخستەڕوو بەناوی ئاینەوە ئەو کارانە دەکات، ئەمانەش ئاواڵاکردنی بوارێکی تر بوون بۆ ڕژێمە سەرکوتکارەکان تا شەرعیەت بەو پێشێلکاریانە بدەن کە لە دژی مافەکانی مرۆڤ و لە دژی گەلەکانیان ئەنجامیان دەدا.

## «دیرشبیگل» بەمشێوە باس لە سەرهەڵدان و دامەزراندنی داعش دەکات

ڕۆژنامەی«دیرشبیگل»ی ئەڵمانی لە ژمارەی ڕۆژی ١٩ی نیسانی ٢٠١٥، ژمارەیەک بەڵگەنامەی بڵاوکردەوە کە بەدەست نوسرابوون و پیلانی ستراتیژی و هەرەمی ڕێکخراوەیی ڕێکخراوی داعشیان ئاشکرا کرد و لەلایەن سەمیر عەبد محەمەد خەلەفاوی فەرماندەی پێشووی هەواڵگری هێزە ئاسمانییەکانی عیراقەوە نوسرابوون کە «ئەفسەری پێشووی هەواڵگری بەعسی عیراقی بووە لە هێزە ئاسمانییەکان» و لەپاش روخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە عیراق کاری لەگەڵ ڕژێمی سوریا کردووە بۆ لەقکردنی ئاسایش و سەقامگیری عیراق.

خەلفاوی لە ساڵی ٢٠٠٤ چووەتە ریزەکانی بەناو «دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق»، بەپێی «دیرشبیگل» بۆیەکەم جارە چۆنیەتی دامەزراندن و سەرهەڵدانی داعش ئاشکرادەبێت، ئەوەش بەهۆی سەرکەوتنەکانی لەسوریا و دەستگرتنی بەسەر چەند بەشێکی ئەو وڵاتە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵگەنامەکان، شێوازی دەوڵەتی هەواڵگری زیرەکانە دەخەنەڕوو کە پشت بە پرۆسەکانی سیخوڕی و چاوێری و تیرۆرکردنەکان دەبەستێت.

خۆشاردنەوە لەژێر چەتری نوسینگەی بانگەوازی ئیسلامی لەخۆدەگرێت و لێوەی سیخوڕەکان لەبەرگی بانگخوازانی ئیسلامی بۆ شارۆچکە و گوندەکان لە باکووری سوریا ڕەوانە دەکرێن.

**دەبوو ئەو سیخوڕانە هاوسەنگی هێز و خاڵە لاوازەکان لەو شوێنانەدا بزانن کە رووی تێدەکەن.**

لە هەنگاوەکانی دواتردا، تیرۆرکرنی ئەو سەرکردە و فەرماندانە دێنە پێش کە خاوەنی کاریزمان و لەنێو گروپ و هێزەکانی تردا کاردەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش یەکەی تایبەت بە کوشتن و رفاندن پێکدەهێنرێت لەپێناو لەناوبردنی ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی ئەگەری دەرکەوتنی پێشوەختیان هەیە. دوای ئەوەش پرۆسەی هێرشە سەربازییەکان بە شەڕکەرەکان و ئەو چەکانە دەستپێدەکات کە «شانە نوستووەکان» لەگەڵ خۆیاندا هەڵیانگرتووە، ئەمەش لەلایەن پێگەی«دیرشبیگل ئۆن لاین»ەوە ئاماژەی پێکرابوو.

بەڵگەنامەکانی«دیرشبیگل»باس لە ئەفسەرەکەی پێشووی هەواڵگری عیراق دەکەن کە ناوی حەرەکی «حاج بکر» بووە و لە ساڵی ٢٠١٢ چووەتە سوریا و بووەتە بەرپرس لەو شوێن و ناوچانەی »داعش» دەستی بەسەریاندا گرتبوو، بەر لەوەی لە شەڕی تەل رەفعەت لە حەلەب لە ساڵی ٢٠١٤دا بکوژرێت.

ئەو پیاوە «بەڵگەنامەکانی دامەزراندنی داعشی لەسەر پەڕاوەکانی وەزارەتی بەرگری سوریا نوسیبووەوە».

**چۆن ئەو نوسراوانە گەیشتنە دەست ئۆپۆزسیۆنی سوریا**

لەکاتێکدا کە لیوای تەوحید «سوپای ئازاد» لەشەڕی تەل رەفعەت لە (ریفی حەلەب) سەرکەوتنی بەدەستهێنا و چەکدارەکانی چوونە نێو ماڵی خەڵفاوی و دۆسێکانی تایبەت بە دامەزراندنی «داعش»یان دۆزییەوە.

رۆژنامە ئەڵمانییەکە توانی ٣١ لاپەڕەی ئەو بەڵگەنامانەی دەستبکەوێت کە لە نوسراو و وێنە و خشتەکان پێکهاتبوون و چۆنیەتی بنیاتنانی «داعش» و شێوازی کاری نێوان دامەزراوەکانیان تێدا خرابووەڕوو، «ئەوەش دوای ئەوەی کۆپی یەکەمی ئەو بەڵگەنامانە گەیشتبوونە تورکیا و دەست دیرشبیگل کەوتبوون و لەپاش لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندن دەرکەوتبوون



سەرچاوە Serchawe

گرنگییەکی زۆریان هەیە».

رۆژنامەکە باس لەوەش دەکات کە زۆرێک لەو بیانیانەی بۆ شەڕکردن لەدژی ئەسەد چوونە سوریا، بەلایانەوە سەیر بووە «داعش» تەنیا  رووبەڕووی سوپای ئازاد و ئۆپۆزسیۆنی میانڕەو دەبێتەوە، بۆیە زۆرێک لەو بیانیانە لەناوبراون کە هەوڵیانداوە هەڵبێن یان کوەتا بەسەر رێکخراوەکەدا بکەن، پاش ئەوەی راستییەکانیان بۆ دەرکەوتووە.

پیلانەکە بەجۆرێک بوو کە لەدوای جێگیربوونی جێ پێی رێکخراوەکە لە سوریا، دەست بەسەر بەشێک لە خاکی عیراقدا بگرێت تا سیمای تیرۆری جیهانی وەربگرێت، لەگەڵ دەستگرتن بەسەر هەندێک لە داهاتەکانی نەوت کە لە پێداوستییەکانی حکومەتی سوریا بووە و نەیدەتوانی لەلایەن کوردەکانی عیراقەوە دەستەبەری بکات.

رۆژنامە ئەڵمانیەکە نوسیویەتی و دەڵێت؛ «حاجی بەکر و سەرکردەکانی تری رێکخراوەکە، بڕیاریاندا ئەبو بەکر بەغدادی وەک خەلیفەی دەوڵەتەکە رابگەیەنن، چونکە خاوەنی کاریزمای پێویست بوو، لای ئەندامانی رێکخراوەکە وێنەی کەسێتییەکی پابەند بە ئاینی دەردەخست کە لە راستیدا وەها نەبوو».

١٢ی جوونی ٢٠١٧

-----

## بەشی دەیەم



ڕاوبۆچوونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا و دواتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەکانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک کە زۆربێکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی داعش و چەکدار و ئەندامەکانی ریزی ڕێکخراوەکە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێکخراوە کۆنەکەیان جێدەهێڵن.

### دەرکەوتووترین هێرش و پەلامارەکانی داعش لە دەرەوە

هەندێک لە گەورە میدیاکان و ڕۆژنامە گەورەکانی خۆرئاوا، ساڵی ٢٠١٥یان وەک ساڵی تایبەتی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش» وەسفکرد، ئەوەش دوای ئەوەی ڕێکخراوەکە توانی شەڕەکە بگوازێتەوە بۆسەر خاکی نەیارە خۆرئاواییەکانی، تەنانەت لە ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی و ئیسلامیش چالاکییەکانی خۆی برەوپێدا کە ساڵی دووەمی ڕاگەیاندنی «خەلافەتی ئیسلامی» بوو بە سەرکردایەتی «ئەبو بەکر بەغدادی» لەلایەن ڕێکخراوەکەوە.

لێرەدا دەركەوتووترین هێرش و پەلامارەكانی رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش» یان لایەنگرانی و ئەوانەی بەیعەتیان پێداوە، لە ساڵی ٢٠١٥دا دەخەینەڕوو.

لە ٧ی كانوونی دووەم، دەمامكدارەكان هێرشیان كردە سەر بارەگای رۆژنامەی «شارلی ئیبدۆ» لە ناوەڕاستی پاریسی پایتەختی فەرەنسا، لە هێرشەكەدا ١٢ كەس كوژراو و ١١ی تر بریندابوون، لە رێكەوتی ١٤ی هەمان مانگدا رێكخراوی «داعش» بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی هێرشەكەی راگەیاند.

دوابەدوای هێرشەكە، فەرەنسا رێپێوانێكی فراوانی بەخۆوەبینی كە بە گەورەترین رێپێوان لە مێژووی وڵاتەكەدا وەسفكرا و نزیكەی ٤ ملیۆن كەس بەشدارییان تێدا كرد كە ٢ ملیۆنیان تەنیا لە شاری پاریس بوون و نزیكەی ٥٠ سەركردەی وڵاتانی جیهانیش بەشدارییان كرد.

## بەئامانجكردنی شیعە و مەسیحییەكانی وڵاتانی عەرەبی

لە لیبیا و لە رێككەوتی ٢٧ی كانوونی دووەم، بەهۆی هێرشێكی چەكداریی بۆسەر ئوتێلی «كۆرنسیا» لە ناوەڕاستی تەرابلوسی پایتەخت، ١٥ كەس كوژران كە 5یان بیانی بوون، لە هەمان رۆژدا لقی رێكخراوی «داعش» لە لیبیا بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی هێرشەكەی لەئەستۆگرت.

دوای دوو رۆژ لە هێرشە خوێناوییەكەی لیبیا، رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش» و لە ٢٩ی كانوونی دووەم لە شاری عەریش لە باكووری پارێزگای سینای میسری، سێ تەقینەوەی لە یەك كاتدا بارەگا ئەمنی و سەربازییەكانی كردە ئامانج و تێیدا ٢٥ كەس كوژران و ٣٦ی تر برینداربوون، رێكخراوی داعش بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی تەقینەوەكانی لە ئەستۆگرت.

بە گەڕانەوە بۆ لیبیا و لە ١٥ی شوبات، رێكخراوی «داعش» گرتەی ڤیدیۆیی سەربڕینی ٢١ قیبتی میسری لە لیبیا بڵاوكردەوە.

لە ١٤ی شوبات، رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی »داعش» سەرلەنوێ بۆ لێدانی ئەوروپا گەڕایەوە، ئەندامێكی رێكخراوەكە لە نزیك كەنیسێكی جولەكەكان لە دانیمارك دەستدرێژی گوللەی لە خەڵك كرد و بووە مایەی كوژرانی دوو كەس و برینداربوون پێنج پۆلیس.



سەرچاوە
Serchawe

لەڕێی پەلاماردانی مۆزەخانەی «باردۆ» لە نزیک تونسی پایتەخت، ڕێکخراوی داعش یەکەم هێرشی خوێناوی لە ١٨ی ئادار لە تونس ئەنجامدا، لە هێرشکەدا کە «ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» بەرپرسیارێتی ئەنجامدانەکەی لەئەستۆ گرت، ٢٢ گەشتیار کوژران و ٤٥ی تر بریندراربوون، وێڕای دەستبەسەرکردنی نزیکەی ٢٠٠ گەشتیار.

لە ٢٢ی ئایار، خۆکوژێک لە مزگەوتی «ئیمام عەلی» لە شارۆچکەی قەدیحی سەر بە پارێزگای قەتیفی خۆرهەڵاتی سعودیە لەکاتی نوێژی هەینی خۆی تەقاندەوە و بەوهۆیەشەوە ٢٢ کەس کوژران و ١٠٢ کەسی تر بریندرابوون، بە هەمان شێوە داعش ئەنجامدانی تەقینەوەکەی ڕاگەیاند.

ڕێکخراوی داعش جارێکی تر بۆ لێدانی تونس گەڕایەوە، بەڵام لەمجارەدا بەشێوەیەکی توندترو لە ڕێککەوتی ٢٦ی حوزەیران چەکدارێک لە هاوینەهەوارێک لە شاری «سوسە» دەستدرێژی گوللەی لە گەشتیاران کرد و بەو هۆیەوە ٣٨ کەس کوژران و ٤٠ی تر بریندرابوون، لایەنگرانی ڕێکخراوی «دەولە» بەرپرپیارێتی ئەنجامدانی هێرشەکەیان لە ئەستۆگرت.

لە هەمان ڕۆژ و لە هێرشکێکی خۆکوژی کە کرایە سەر مزگەوتی «ئیمام سادق» لە گەڕەکی (الصوابر) لە کوەیت و لەکاتی نوێژی هەینی، لانی کەم ٢٧ کەس کوژران و ٢٢٧ کەسی تر بریندرابوون، ڕێکخراوی داعش بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی هێرشەکەی لە ئەستۆگرت و ئەنجامدەری هێرشەکەیشی بە ناوی «ئەبو سولەیمانی موەحید»ەوە ناساند.

## داعش تورکیا و روسیای بەدەرنەکرد

لە ڕێککەوتی ٢٧ی تەمموز، لە شاری سروشی سەر بە پارێزگای شانلی ئۆرفەی تورکیا کە نزیکی سنورەکانی سوریایە، بەهۆی تەقینەوەیەکی خۆکوژی کە گردبوونەوەیەکی «یەکێتی لاوانی سۆسیالیستی» کوردی کردە ئامانج لە باخچەی سەنتەری ئەمارای کلتوری، ٣٢ کەس کوژران و ١٠٠ کەسی تر بریندارابوون، دواتر ڕێکخراوی داعش بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی هێرشەکەی لەئەستۆگرت و تەقینەوەکەش هوکات بوو لەگەڵ ڕاگەیاندنی تەواوبوونی ماوەی پرۆسەی ئاشتی کورد و تورکیا.

هەروەها لە ١٠ی تشرینی یەکەم، لایەنگرانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش»، بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی هەردوو هێرشە خۆکوژییەکەی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیایان لەئەستۆ گرت کە لەژێر پردێکدا ڕویدا کە بەرەو وێستگەی شەمەندۆفێری گەڕەکی ئۆڵۆس دەچێت و پارتی گەلانی دیموکراتیش (هەدەپە) ژمارەی کۆتایی کوژراوەکانی بە ١٢٨ کەس ڕاگەیاند، هاوکات هەر بە هۆی ئەو تەقینەوانەوە، ژمارەی بریندارەکان گەیشتە ٥٠٨ کەس کە برینی ٦٥ کەسیان سەخت



سەرچاوە Serchawe

بوو.

لە دەرکەوتووترین هێرش و پەلامارەکانی ڕێکخراوی داعش لە ساڵی ٢١٥، تەقینەوەی بۆمبێک بوو لە فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ڕوسی لەسەر ئاسمانی شاری سینای میسری لە ڕێکەوتی ٣١ - ١٠، بەو هۆیەوە هەموو سەرنشینەکان کوژران کە ژمارەیان ٢٢٤ کەس بوون، دوابەدوای ئەوەی مۆسکۆ دانی بەوەدانا کە «ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» لە پشت ڕووداوەکەوەیە، ڤلادیمێر پۆتین سەرۆکی ڕوسیا بەڵێنیدا پرۆسە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە سوریا چڕبکاتەوە.

## فەرەنسا زەرەرمەندترین بوو

سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەم، پاریسی پایتەختی فەرەنسا زنجیرەیەک هێرشی ڕێکخراوی بەخۆوەبینی کە خۆیان لە دەستڕێژی گوللە و تەقینەوەی خۆکوژی و دەستەبەسەرکردنی بارمتەکاندا بینییەوە، ئەو هێرشانە بە توندوتیژترین هێرش و پەرمار لە دوای دووەمین جەنگی جیهان، لە فەرەنسادا دانران و بە خوێناویتریش پەلاماریش لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا لەدوای تەقاندنەوەی شەمەندۆفێرەکانی مەدرید لە ساڵی ٢٠٠٤ وەسفکران، لەو هێرشانەدا ١٣٠ کەس کوژران و ٣٦٨ کەسی تر بریندارbوون، ڕێکخراوی داعش بەرپرسیارێتی خۆی بەرانبەر بە ئەنجامدانی هێرشەکان ڕاگەیاند و فرانسوا ئۆلاند سەرۆکی فەرەنساش ڕایگەیاند کە هێرشەکان لە سوریاوە نەخشەیان بۆ دارێژراوە.

پێش مانگێک لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥، ڕێکخراوی داعش هێرشەکانی لە دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، لە ئەمریکا کۆتایی پێهێنا، ئەوەش دوای ئەوەی «سەید فاروق ڕەزوان» و «تاشفین مالک»ی هاوسەری، لە سان برناردینۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکایی، دەستدرێژی گوللەیان لە گردبوونەوەیەکی مەدەنی کرد، لە ڕووداوەکەشدا ١٤ کەس کوژران و ٢٠ کەسی تر بریندارbوون.

## داعش و هەڵوێستێکی تری خۆرئاوا بەرانبەر بەشار ئەسەد

هێرشەکانی ڕێکخراوی «داعش» لە پاریس و ئەمریکا بەتایبەت، کاردانەوەیان لەسەر دۆخی سوریا هەبوو، بەجۆرێک کە هەڵوێستێکی تری ئەوروپایی دروستبوو تا پشت بە بەشار ئەسەد ببەسترێت بۆ سەرکردایەتیکردنی قۆناغی ئینتیقالی، تەنانەت بۆ ئایندەش، ئەوەش بە پاشەکشەکردنێکی ڕوونی وڵاتە دەسترۆیشتووەکان لە پابەندبوون بە بەڵێنەکانیان دادەنرێت، وێڕای ئەو تاوانە سامناکانەی کە بە وتەی خۆرئاواییەکان لەلایەن ئەسەدەوە لە دژی گەلی سوری ئەنجامدران، ئەو هەڵوێستەی ئەوروپاییەکانیش بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان بوو لە پێناو لەناوبردنی ڕێکخراوی داعش.

دوای هێرشەکەی سان برناردینۆ بە سێ رۆژ، لۆران فابیۆس وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە دیمانەیەکی لەگەڵ رۆژنامەی «لۆبروگرێ دۆ لیۆن» بە جیهانی راگەیاند کە وڵاتەکەی بەر لە ئینتیقالی سیاسی لە سوریا، پابەند نییە بە رۆیشتنی بەشار ئەسەد.

لێدوانەکانی فابیۆس دوای قسەکانی جان ئیف لۆدریان بوو کە رایگەیاندبوو، «ئەولەویەتی پایتەختەکانی ئەوروپا لەئێستادا روخاندنی بەشار ئەسەد نەماوە، بەڵکو وەلاوەنانیەتی» رەتیشکردەوە گۆڕینی دۆخەکە هێشتنەوەی سوریا بێت بە تەنیا، لەکاتێکدا وڵاتەکە بووەتە ناوچەی هەژمونی رێکخراوی داعش.

ئاوڕدانەوەی فەرەنسا لە سوریا، دوای ئەوە بوو کە جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: «مانەوەی بەشار ئەسەد قبوڵ دەکەن لە دەسەڵاتدا لەپێناو گەیشتن بە ئینیتقالێکی وەها کە ببێتە مایەی کۆتاییهێنان بە ململانێی چەکداریی سوریا کە بۆ چوار ساڵ دەچێت درێژەی هەیە».

بەریتانیاش خۆی گەیاندە کاروانەکەی ئەمریکا و رایگەیاند کە دەکرێت لەندەن مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا «بۆ ماوەیەکی دیاریکراو» قبوڵ بکات، ئەوەش هەمان هەڵوێستی ڤیەننا و مەدرید بوو، بەو پێیەی سیبستیان کۆرتز وەزیری دەرەوەی نەمسا داوای کرد «لێکنزکبوونەوەیەکی هاوبەش، پرۆسەیەک لە جەنگی دژ بە داعش ئەنجامدرێت و لە پرۆسەکەشدا ئەسەد بەشداریی پێبکرێت»، خۆسێ مانوێل وەزیری دەرەوەی ئیسپانیاش بە هەمان شێوە رایگەیاند: «حکومەتەکەی بەشار ئەسەد لایەنێکی ململانێکانی سوریایە، بۆیە هەمیشە دەکرێت ئاشتی لەگەڵ دوژمنیشدا بەنیاتبنرێت».

هەروەها ئەنگێلا مێرکڵ راوێژکاری ئەڵمانیا داوای کرد: «بەشار ئەسەد لە هەموو ئەو دانوستانانەدا بەشداریی پێبکرێت کە ئامانج لێیان کۆتایهێنانە بە ناکۆکییەکان»، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی خراپترین کۆچ بەرەو ئەوروپا لە پاش دووەمین جەنگی جیهانەوە کە سەدان هەزار کەس بەهۆی جەنگەوە وڵاتەکانیان جێهێشت و روویان لە ئەوروپا کرد.

١٩ی جوونی ٢٠١٧

-----

## بەشی یانزەیەم



ڕاوبۆچونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا و دواتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەکانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک کە زۆرێکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی داعش و چەکدار و ئەندامەکانی ریزی ڕێکخراوەکە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە «خەلیفەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێکخراوە کۆنەکەیان جێدەهێڵن.

### لەبارترین کەش بۆ سەرهەڵدانی گروپە توندڕەوەکان

لەگەڵ بەردەوامبوونی ململانێ سەربازییەکان و دابەشبوون و پەرتبوونی سیاسی لە لیبیا، دۆخی ئەو وڵاتە لەپاش کەوتنی ڕژێمەکەی موعەمەر قەزافی، تادەهات رووی لە خراپبوون دەکرد.

وێڕای هەوڵەکان و دەستپێشخەرییە جیاجیاکان لەناوەوە و دەرەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە قورسە، ڕارودۆخەکان لە لیبیا لە گێژاوی جەنگێکی ئەهلی بێ کۆتادا دەهاتن و دەچوون و ئەو کەشەش بووە مایەی ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ

سەرهەڵدانی گروپە توندڕەوەكان، لەپێش هەموشیانەوە رێكخراوی «داعش» كە خۆی لەنێو ژینگەی پشێوی لیبیا و گۆڕەپانی ئەو وڵاتەدا بینییەوە.

## سەرهەڵدانی داعش لە لیبیا

ناكۆكییە سیاسییەكان و خراپی باری ئەمنی لەسایەی فشەڵی رۆڵی دەوڵەت لەماوەی ساڵانی رابردوو، رێخۆشكەربوون بۆ هاتنەپێشەوەی رێكخراوی «داعش» و فراوانكردنی رووبەری چالاكییەكانی لە لیبیا.

رێكخراوی داعش لە لیبیا، لە سەرەتاوە لە (درنە)ی خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١٣ دەركەوت، پاشان دەنگی لایەنگرانی رێكخراوەكە لەنێو گروپی «انصار الشریعه» لە بنغازی و مسراتە لە خۆرئاوا سەری هەڵدا و دواجاریش رێكخراوەكە پەلی هاویشت بۆ سرت و لەپاش كۆنترۆڵكردنی تەواوەتی شارەكەش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥، سرتی كردە مۆڵگەی سەرەكی خۆی لە لیبیا.

**داعش ناوچەكانی دەوروبەری وەک نەوفلیە و بن جەواد و بوقرینی لە خۆرئاواوە خستەژێر ركێفی خۆی.**

دەركەووترین رووداویش كە بوون و هەژموونی رێكخراوی داعشی لە لیبیادا دەرخست، سەربڕینی ٢١ بەبارمتەگیراوی قیبتی میسری بوو كە پێشتر لە لیبیا كارییان دەكرد.

چەكدارانی داعش سەربڕینی ئەو كرێكارە قیبتیانەیان بە چالاكییەكی گەورە لەقەڵەمدا و وەک لەناوبردنی خاچپەرست و كافر و دوژمنانی ئیسلام لەو گرتە ڤیدیۆییەدا وەسفیان كرد و رووداوی سەربڕینەكەشیان لە ١٥ی شوباتی ٢٠١٥ لەسەر پێگە كۆمەلایەتییەكان بڵاوكردەوە.

لەبەرانبەر ئەو كارە قێزەون و دڕندانەی ئەنجامی دەدا، زاڵبوون بەسەر رێكخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» لە شاری سرت و دەوروبەری هێند كارێكی ئاسان نەبوو، بۆیە چەند مانگێک شەڕ و پێكدادانی توند بەردەوام بوون و بوونە مایەی كوژرانی زیاتر لە ٧٠٠ كەس و بەریندارbوونی هەزاران كەسی تر لە هێزەكانی «البنیان المرصوص».

وێڕای دەرپەڕاندنی داعش لە شاری سرت و ناوچەكانی تری ژێر دەسەڵاتی رێكخراوەكە لە لیبیا، بەڵام زۆرێک لەو نیشانانە دەركەوتوون كە ئاماژە بە هەوڵەكانی گەڕانەوەی داعش دەكەن بۆ ئەو وڵاتە.



سەرچاوە Serchawe

بەرپرسانی لیبیا ترسیان لە شانە نوستووەکانی ڕێکخراوەکەیە کە لە ناوچە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە بڵابونەتەوە و شێوازی خوێناوی و دڕندانە بەکاردەهێنن کە ئەگەر هەیە لە زۆربەی ناوچەکاندا روبدات و تەرابلوسی پایتەخت و شارەکانی تری خۆرئاوای لیبیا بگرێتەوە، بەوپێیەی پێشتر ڕێکخراوەکە هێرش و پەلاماری تێیاندا ئەنجامداوە.

## تەنیا شانە نوستووەکانی ماون

هەر لەو چوارچێوەیەدا، محەمەد غزری وتەبێژی فەرمی هێزەکانی «البنیان المرصوص» پێیوایە، ڕێکخراوی داعش لە لیبیا، تەنیا بریتیە لەو شانە نوستوانەی لەناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا هەن و تێکەڵ بە مەدەنییەکان بوون، بەجۆرێک ناکرێت جیابکرێنەوە و لەنێو هاوڵاتیانی ئاساییدا بە زەقی دەربکەون، بە تایبەتیش دوای لابردنی ریشە درێژەکانیان و فرێدانی کراسە ئەفغانییەکانیان.

غزری بە ماڵپەڕی «العربیە نت»ی ڕاگەیاندبوو، ئەندامانی داعش لە ناوچەکانی تەرابلوس و باشووری سرت و ناوچەی بەنی وەلید و هەندێک ناوچەی تری باشووری لیبیا بونیان هەیە.

«العربیە نت» لە زاری غزرییەوە بڵاویکردەوە، لەپاش رزگارکردنی سرتەوە، بەیداخە رەشەکان ونبوون، پاشماوەکانی ڕێکخراوەکەش توانای ئەوەیان نەماوە بەئاشکرا دەربکەون.

رونیشکردووەتەوە کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەشەو کۆدەبنەوە تا خەڵک ئاگادارنەبێت، نەبادا شوێنەکانیان ئاشکرابکەن، چونکە لەئێستادا خەڵکیان نەماوە و لەلایەن کەسەوە داڵدەنادرێن و وەک گروپێکی قێزەون تەماشا دەکرێن.

ئەو لێدوانانە لەکاتێکدایە، حکومەتی ویفاقی لیبیا باسی لەو هەوڵانە کردبوو کە لەلایەن چەکدارە هەڵاتووەکانی ئەو ڕێکخراوەوە لە شارەکانی بنغازی و سرت لە باشووری لیبیا خستویانەتەگەڕ، تا سەرلەنوێ خۆیان ڕێکبخەنەوە.

عەمید محەمەد غەزری وتەبێژی ژووری عەمەلیاتی «البنیان المرصوص»ی سەر بە حکومەتی ویفاقی لیبیا لەچەند لێدوانێکی رۆژنامەوانی تردا لە ٧ی نیسانی ٢٠١٧ ڕایگەیاندبوو، لە ناوچەکانی باشوور هەندێک جموجوڵی ئەو چەکدارانەی داعشیان بەدی کردووە کە پێشتر لە سرت هەڵاتبوون، بۆیە هێزەکانیان دەکەونە خۆیان بۆ ڕێگرتن و بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە جموجۆڵانە.



سەرچاوە Serchawe

## داعش لە باشوور خۆی دەگرێتەوە

بەهەمان شێوە پێشتر هێزەكانی سەر بە حكومەتی ویفاق لە مانگی كانوونی دووەمی ٢٠١٧، ئاماژەیان بە بوونی چەكدارانی رێكخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» كردبوو لە باشووری لیبیا و باسیان لەو هەوڵانەش كردبوو كە داعش خوستویەتیەگەڕ تا لە باشوور خۆی بگرێتەوە، بەتایبەت دوای هەوڵێكی چەكدارانی رێكخراوەكە بۆ كۆنترۆڵكردنی فرۆكەخانەی مەدەنی و بنكەی سەربازی لە ناوچەی بەراك.

لەو دەمەدا محەمەد غزری رایگەیاندبوو، هێزەكانی سەر بە رێكخراوی داعش هێرشیان كردە سەر فڕۆكەخانەی (تمنهت)، رونیشكردبووەوە كە رێكخراوە تیرۆریستەكە ئامانجی كۆنترۆڵكردنی فڕۆكەخانەی (تمنهت) بووە تا لێوەی بتوانێت كۆمەك و یارمەتی لە دەرەوەی لیبیا وەربگرێت.

لەلایەكی ترەوە دەنگۆی ئەوە هەیە، چەكدارانی رێكخراوی تیرۆریستی داعش لە لیبیا، پەنایان بردبێتە بەر چیاو دۆڵە سەختەكان تا لێوەی جارێكی تر خۆیان رێكبخەنەوە و پەلاماری تەرابلوسی پایتەخت و شاری سرت بدەن.

لە مانگی شوباتی رابردوو، بەرپرسانی ئەمنی لیبیا رایانگەیاند، چەكدارانی داعش بەرەو دۆڵ و نشێوییەكانی بیابان و گردۆڵكەكانی باشووری خۆرهەڵاتی تەرابلوس رۆیشتوون، ئەوەش لەدوای تێكشكانیان لە شاری سرت كە مۆڵگەی پێشوویان بوو.

ئیسماعیل شوكری، فەرماندەی هەواڵگری سەربازی لە مسراتە بە ئاژانسی «رۆیتەرز»ی راگەیاندبوو، هەڕەشەكان لە ناوچە سنورییەكانی نێوان مسراتە و تەرابلوسەوە سەرچاوە دەگرن كە لە شریتی كەنارئاوەكانەوە بۆ باشوور درێژدەبنەوە، ئەو ناوچانەش دەكەونە دەوروبەری شاری بەنی وەلید تا دەگاتە بیابانەكانی باشووری شاری سرت.

## گورزێكی گەورە لە داعش وەشێنرا

بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك، چەكدارانی رێكخراوی داعش، بە تەواوەتی شاری سرتیان كۆنترۆڵ كرد و شارەكەیان كردە بنكەی یەكەمی خۆیان لە باكووری ئەفریقا، بەڵام بەهاتنەبەری مانگی كانوونی یەكەمی ٢٠١٦، ناچاركران لە شارەكە دەربچن، ئەوەش لەدوای هەڵمەتێكی سەربازی كە شەش مانگی خایەند و لەلایەن كەتیبەكانی مسراتەوە بە پاڵپشتی هێرشە

ئاسمانییەکانی ئەمریکا، سەرکردایەتی کرا.

پاشان داعش لەڕێی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧، گورزێکی گەورەی بەرکەوت، کاتێک سەربازگەیەکی تەواوەتی ڕێکخراوەکە کە ٤٥ کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای سرتەوە دوور بوو، بە موشەکی «بی ٢»ی پەرەسەندوو کرایە ئامانج، لەو هێرشەدا ٨٠ سەرکردەی ڕێکخراوەکە کوژران، ئەوەش جموجۆڵەکانی داعشی بەتەواوەتی پەکخست و وایکرد پاشماوەکانی بەرەو دۆڵ و نشێوییەکانی نزیک سەربازگەکە هەڵبێن.

لە ئاداری ٢٠١٧، تۆماس والدهاوسر فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفریقا (ئەفریکۆم) ڕایگەیاند، ڕێکخراوی داعش ریزەکانی ڕێکدەخاتەوە، وێڕای لەدەستدانی شاری سرتی لیبیا.

**والدهاوسر لە دانیشتنی لیژنەی خزمەتە چەکدارییەکان لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا وتی:** «کۆنترۆڵکردنی سرت لەلایەن داعشەوە کۆتایی هات، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین هەوڵ بۆ ڕێکخستنەوەی ریزەکانی دەدات، بەڵام ژمارەیان کەمە و لەچەند گروپێکی کەم پێکهاتوون»، ئەم قسانە لە ئەژماری تایبەتی هێزەکانی «ئەفریکۆم» لەسەر تۆڕی تویتەر بڵاوکرابوونەوە.

مەهدی برغسی وەزیری بەرگری حکومەتی وفاقی نیشتیمانی لیبیاش لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی «دەیلی تیلیگراف»ی بەریتانی لە ٢ی ئاداری ٢٠١٧، ڕایگەیاند؛ «ڕێکخراوی داعش کار بۆ ڕێکخستنەوەی ریزەکانی دەکات لە باشووری لیبیا بە پاڵپشتی ڕێکخراوی (قاعیدە) و لەژێر سەرکردایەتی موختار بلموختار، ئەو قەوارانەش خۆیان ئامادە دەکەن تا هێرشی تیرۆریستی زیاتر ئەنجام بدەن».

ئاماژەی بەدابینکردنی یارمەتی لۆجستی کردبوو لەلایەن «قاعیدە» وە بۆ چەکدارانی «داعش» کە بە وتەی ئەو، قاعیدە یارمەتی دەدات تا ریزەکانی ڕێکبخاتەوە و هێرش و پەلاماری زیاتر ئەنجام بدات.

**هەروەها وتی؛ «بەپێی زانیارییەکانمان، پێدەچێت موختار بلموختار ئائێستاش لەژیاندا بێت وسەرکردایەتی پاشماوەی ئەو چەکدارانەی داعش بکات کە لە شەڕەکانی شاری سرت هەڵاتبوون».**

لەکاتی شەڕەکانی لە لیبیا و لەدەستدانی شاری سرت، ڕێکخراوی داعش زۆرێک لە سەرکردە و چەکدارەکان و کەلوپەلە سەربازییەکانی لەدەستدا، بەڵام توندڕەوە هەڵاتووەکان و شانە نوستووەکانی، تائێستاش سەرچاوەی هەڕەشەن لەو وڵاتەدا



سەرچاوە
Serchawe

کە جەنگ شەکەتی کردووە و یاسا تێیدا بەرقەرار نییە.

هەروەها رێکخراوەکە تا کاتی نوسینەوەی ئەم دێڕانە، خۆبەدەستەوەدانی رانەگەیاندووە و وازی لە شەڕەکانی نەهێناوە،ئەوەش بە بۆچوونی زۆرێک لە چاودێران، ئەگەر هەیە سەرلەنوێ رێکخراوەکە بگەڕێتەوە گۆڕەپانی لیبیا.

رێکخراوی داعش زیاتر لە جارێک تەئکیدی لەسەر درێژەدان بە شەڕو رووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان کردووەتەوە، لە مانگی ئابی ٢٠١٦دا ئەبو موسعەب فاروق سەرکردەی لقی رێکخراوەکە لە خۆرهەلاتی لیبیا رایگەیاندبوو، ئەو کەسێتییە دەرکەوتوانەی لە سرت هەڵاتن، یارمەتی رێکخراوەکە دەدەن بۆ رێکخستنەوەی ریزەکان لە نزیک شارەکە. لەکۆتایی تشرینی یەکەمیشدا ئەبو حوزەیفەی موهاجیر سەرکردەی لقی رێکخراوەکە لە خۆرئاوای لیبیا، دانی بەوەدانابوو کە رێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» گورزی گەورەی بەرکەوتووە، بەڵام رایگەیاند «رێکخراوەکە بەردەوام دەبێت لەسەر هەڵمەتەکانی بۆ رزگارکردنی ناوچەکان و تائێستاش زۆرێک لە بیانییەکان پەیوەندی بە ریزەکانییەوە دەکەن».

موهاجیر لە دیمانەیەکی لەگەڵ رۆژنامەی (النبا)ی سەر بە رێکخراوی قاعیدە وتی: «موجاهیدەکان لە ولایەتەکانی لیبیا، تائێستاش لەباشترین دۆخدان و مەفرەزە ئەمنییەکانیان لە تەواوی شار و ناوچەکاندا بڵاوەیان کردووە، کەتەیبەکانیشی بە بیابانەکاندا لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا دێن و دەچن».

لیبیا لە ساڵی ٢٠١١وە نوقمی توندوتیژییەکی بەرین بووە کە بوە مایەی بەرپابوونی ململانێیەکی چەکداریی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لەو وڵاتە، وێڕای ئیمزاکردنی رێکەوتنی (الصخیرات)یش لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانی لیبیا کە ئەو شارە مەغریبییە میوانداریی گفتوگۆکانی کرد بە چاودێری مارتن کۆپلەر نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا کە دواتر پێکهێنانی حکومەتی ویفاقی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتی فایز سەراجی بەدوادااهات لەپاش دەستخستنی پشتیوانی نێودەوڵەتیش، حکومەتەکە لە تەرابلوسی پایتەخت دەستی بەکارەکانی کرد، بەڵام بەهۆی پەسەندنەکردنی پەرلەمانی لیبیاوە لە خۆرهەڵات، حکومەتەکە دووچاری شکست هات، ئەوەش وای کرد تەنگژە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا بەردەوامبن.

٣ - ٧ - ٢٠١٧

------

## بەشی دوانزەیەم



ڕاوبۆچونەکان لەسەر ڕاستی ڕێکخراوی قاعیدەو شوێنو چۆنیەتی دەستپێکردنی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە جیاوازبوون، تا ئەو کاتەی چووە ڕیزبەندی سەرەوەی لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە لەئێستادا لەسەر ئاستی جیهان داوای بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت چاو بەمێژووی ڕێکخراوی قاعیدەدا بخشێنین کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە سەرکردایەتی دەکرا و لەدوای کوژرانیشیەوە، ئەیمەن زەواهیری بە جێگرەوەی دەستنیشانکرا و دواتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە داعش دەناسرێت لەڕووی هەژمونی بەهێزترین ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامییەوە جێگەی گرتەوە، وێڕای مانەوەی لقەکانی قاعیدە لە چەند وڵاتێک کە زۆرێکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی داعش و چەکدار و ئەندامەکانی ریزی رێکخراوەکە جێدەهێڵن و بەیعەت دەدەن بە »خەلیفەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» و ڕێکخراوە کۆنەکەیان جێدەهێڵن.

### ڕێکخراوی داعش لە سینا

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە سینا، لقی ڕێکخراوی داعشە لە میسر کە سینای وەک ناوچەی چالاکییەکانی دیاریی کرد و پێشتر لەژێر ناوی (انصار بیت المقدس) برەوی بە چالاکییەکانی دەدا لەو ناوچەیە، بەڵام لە ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤وە خۆی وەک لقی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە سینا ڕاگەیاند و بەیعەتی دا بە ئەبو بەکر بەغدادی سەرکردەی ڕێکخراوەکە.

بەر لەوەش لە ٨ی تەمموزی ٢٠١٤، گرووپی (انصار البیت المقدس)، نمایشێکی چەکداریی بە ١٠ ئوتۆمبێلی دەبڵ ئەکسل لە شاری شێخ زوەید سازکرد، چەکدارەکان لەو نمایشەدا جلوبەرگی رەشیان لەبەردابوو، ئاڵای رەشیان بەرزدەکردەوە و چەندان جۆرە چەکییان پێبوو، بە چەکی قورسیشەوە.

لە نمایشەکەدا، بە شەقامە جیاجیاکانی گوندەکانی باشووری شێخ زوەید و رەفەحدا هاتووچۆیان دەکرد و دروشمی پشتگیرییان بۆ رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و ئەبو بەکر بەغدادی ئەمیری رێکخراوەکە دەوتەوە، بڵاوکراوەشیان بەسەر دانیشتوانی هەردوو شاری رەفەح و شێخ زوەید بڵاودەکردەوە و لێوەی وەک سەرەتایەک بەیعەتیاندا بە ئەبو بەکر بەغدادی و چوونەناوەوەی خۆیان بۆ نێو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی راگەیاند، ناوی رێکخراوەکەشیان بۆ ولایەتی سینا گۆری و سینایان وەک میرنشینییەکی ئیسلامی راگەیاند.

## چالاکییە چەکدارییەکانی "ولایەتی سینا"

رێکخراوی توندرەوی «ولایەتی سینا»، بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرانبەر ئەو هێرشانەدا راگەیاند کە بازگەکانی سوپای میسرییان لە سینا کردە ئامانج و تێیاندا دەیان سەرباز کوژران و برینداربوون.

ئەوەش یەکەم جار نەبوو گروپەکەی سەر بە رێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» کە بە بەهێزترین رێکخراوی چەکداریی لە سینا دادەنرێت، بەرپرسیارێتی خۆی بەرانبەر بەو هێرشانە رابگەیەنێت کە سوپا و پۆلیسیان کردبووە ئامانج.

بەبۆچوونی چاودێران، ئەندامانی ئەو رێکخراوە لەپاش راپەرینەکەی کانوونی دووەمی ٢٠١١ دەرکەوتن، کاتێک چەکدارە فەلەستینییەکان پەیوەندییان بە گروپی «التوحید و الجیهاد»وەکرد کە بارەگاکەی لە سینا بوو، دواتر پێکەوە «انصار بیت المقدس»یان پێکهێنا.

رێکخراوەکە لە نیمچەدوورگەی سینا چالاکیان هەبوو، بۆچوونەکان وەهان بوون چەکدارەکانی لەنێو ئەشکەوتەکانی چیای «الحلال» خۆیان بشارنەوە کە دەکەوێتە ناوەراستی سینا و تێیدا لە رێککەوتنی کامپ دیڤیدی ئاشتی ژمارەی هێزەکانی سوپای میسر و پرچەکییان دیاریی کرابوو.

رێکخراوەکە پەلامارەکانی لە دوای راپەرینی کانوونی دووەمی ٢٠١١ کە بووە مایەی روخانی دەسەڵاتەکەی سەرۆک حوسنی موبارەک، بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستپێکرد.



سەرچاوە Serchawe

بەر لە روخانی سەرۆک محەمەد مورسی سەر بە کۆمەڵی ئیخوان موسلیمین، رێکخراوەکە ئیسرائیلی دەکردە ئامانج و هێرشی دەکردە سەر ئەو بۆریە غازانەی کە غازی میسریان بۆ ئیسرائیل هەناردەکرد.

بەڵام لەدوای لەسەرکارلابردنی مورسی، رێکخراوەکە بەڵێنیدا تۆڵەی ئەو «هەڵمەتە سەرکوتکارییە خوێناوییە» بکاتەوە کە دەسەڵاتدارانی میسر کردیانە سەر لایەنگرانی.

لەپاش روخانی دەسەڵاتەکەی محەمەد مورسی سەرۆکە ئیسلامییەکەی میسر، گروپی (انصار بیت المقدس) پەلامارەکانی بۆسەر هێزەکانی سوپا و پۆلیسی میسری چڕکردەوە، تەنانەت هەندێک لە چاودێران هێرشەکانیان وابەستەی کۆمەڵی ئیخوان موسلیمین و گروپە چەکدارە فەلەستینییەکان و بە تایبەت بزوتنەوەیەکی وەک بزوتنەوەی حەماس کردەوە.

**گرنگترین ئەو پەلامارانەی لەو ماوەیەدا لەلایەن رێکخراوەکە لەنێو میسردا ئەنجامدران بریتیبوون لە:**

- تەقاندنەوەی هێڵە بۆرییەکانی هەناردەکردنی غازی میسری بۆ ئیسرائیل و ئوردن، چەند پەلامارێکی تر کە هێڵەکانی هەناردەکردنی غازیان کردە ئامانج.

- هەوڵی تیرۆکردنی وەزیری ناوخۆی میسر لە ٥ی ئەیلولی ٢٠١٣ کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر برینداربوون و هەندێکیان سەر بە هێزەکانی پۆلیس بوون.

- کوژرانی ٢٥ کەسی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوەندی لە بۆسەیەکدا کە لەلایەن رێکخراوەکەوە لە ١٩ی ئابی ٢٠١٣ نرابووەوە و لەلایەن لەلایەن میدیاکانەوە بە «کوشتارگەی دووەمی رەفەح» ناوبرا.

- هێرشکردنە سەر بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی باشووری سینا بە ئوتۆمبێلێکی بۆمبڕێکراو لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣.

- کوژرانی زیاتر لە ٣٠ سەرباز و ئەفسەری میسری لە هێرشێکدا بۆسەر بازگەیەکی سەر بە سوپا لە کەرەم ئەلقەوادیس لە شاری شێخ زوەید لە باکووری سینا لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤.

- کوژرانی ١٣ سەربازی میسری لە ٣ هێرشدا لە نیسانی ٢٠١٤ لە باکووری سینا.



سەرچاوە
Serchawe

- هەڵدانی ژمارەیەک موشەک بەئاراستەی فڕۆکەخانەی «الجوزە» لە سینا لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٥، فڕۆکەخانەکە لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانی ئاشتی پارێزەوە بەکاردەهێنرا.

## گەشەکردنی توانا سەربازییەکانی ڕێکخراوەکە

گەشەکردنی توانای شەڕکردنی هێزە نا نیزامییەکانی هاوشێوەی ڕێکخراوی «ولایەتی سینا» پەرەسەندنێکی بێ پێشینە بوو لە مێژووی هاوچەرخی ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکان لە میسر، تەکتیکیەکان و پرۆسە مەیدانییەکانی ڕێکخراوەکە سێ جۆر بوون.

**جۆری یەکەم؛** لە توێژینەوە ئەمنییەکاندا بە «تیرۆری شارەکان» ناودەبرێت کە لێدانی ئامانجە مەدەنییە ئاسانەکانی نێو شارەکان دەگرێتەوە و لەڕێی بۆمبە چێنراوەکان و خۆکوژەکان و هەوڵەکانی تیرۆرکردنەوە بوون.

**جۆری دووەم؛** تەکتیکی پرۆسە مەیدانییەکان و جەنگی هێزە تایبەتەکان، (شەڕی پارتیزانی) کە خۆیان لە لێدانی ئامانجە سەربازییەکان و پاشان هەڵاتن دەبینییەوە، لەگەڵ هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زەوی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەڕێی پێکهاتە کەمەکان و بە چەکی سوک، لەگەڵ خۆلادان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و درێژخایەن لەگەڵ هێزە نیزامییەکانی سوپا.

**جۆری سێیەمیش؛** حاڵەتێکی نوێیە لە میسر - هاوشێوەی تەکتیک و پرۆسە مەیدانییەکانی هێزە نیزامییە تایبەتەکانە، تێیدا چەکی قورس و سوک و موشەکی ئاراستەکراو و نائاراستەکراو و قەناس بەکاردەهێنرێت، ئەوەش بۆ پشتیوانی لە پێشڕەوی یان پاشەکشەکردنی پێکهاتە پیادەکان کە دەکرێت لە دەیان یان سەدان چەکدار پێکبێن.

## هەڕەشەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندتر

«کۆمەک و چەک و تەقەمەنی بۆ سینا ڕەوانە مەکە، سوپاکەت ڕەوانە بکە تا لە بیابان و لێرە لەناوببرێت»، ئەم قسەیە کە پڕە لە هەستی ڕووبەڕووبوونەوە، لەلایەن کەمال عەلام سەرکردە لە ڕێکخراوی «ولایەتی سینا»وە لە مانگی نیسانی ٢٠١٦ ڕووبەڕووی سەرۆک عەبدولفەتاح سیسی کرایەوە و هاوکات بوو لەگەڵ خستنەڕووی ئەو زریپۆشانەی سوپا کە چەکدارانی ڕێکخراوەکە دەستییان بەسەردا گرتبوو.

بەپێی گوتاری ڕەسمی ئەو دەمەی قاهیرەش، عەلام بۆ زیاتر لە چوار جار کوژراوە. دوایین جار لە مانگی شوباتی ٢٠١٥دا



سەرچاوە Serchawe

بوو، وێڕای دەرکەوتنی لە مانگی نیسان کە تێیدا بەرپرسیارێتی ڕێکخراوەکەی لە هێرشکردنە سەر حەوت پێگەی سەربازی لە ڕێگەی نێوان عەریش و ر ەفەح راگەیاند و پاشان پەیامەکەی بۆ سیسی رەوانەکرد.

عەلام بە تاکە سەرکردەی ڕێکخراوەکە دانانرێت کە لە میدیا فەرمییەکانی میسر قسەوباسی زۆری لەبارەوە کراوە، بە هەمان شێوە چەند جارێک باس لە کوژرانی شادی منێعی یەکێک لە سەرکردە دەرکەوتووەکانی ولایەتی سینا کرا، بەر لەوەی خۆی دەربکەوێت و هەواڵی کوژرانەکەی لە یەکێک رۆژنامەکانی سەر بە حکومەتی میسردا بخوێنێتەوە.

دەسەڵاتدارانی میسر دان بەو ململانێ خوێناوییەدا نانێن کە لە سینا لەئارادایە، چونکە بە وتەی عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی ئەو وڵاتە، وشەی «لەژێر کۆنترۆڵدایە» بەس نییە بۆ دۆخی سینا، بەڵکو «دۆخەکە تەواو سەقامگیرە»، ئەو سەقامگیرییە تەواوەی سیسی باسی کرد، لەگەڵ ئەو جلوبەرگە سەربازییەدا یەکانگیر نەبوو کە لە شوێنێکی نادیاریکراوی سینا وتارەکەی تێیدا پێشکەش کرد! لەگەڵ لێدوانی سەرۆک وەزیرانیش یەکانگیر نەبوو کە رایگەیاندبوو «میسر لە حاڵەتی جەنگدایە» بە هەمان شێوە لەگەڵ هێرشی سەر پێنج پێگەی سەربازی لەلایەن ڕێکخراوەکە لە تەمموزی ٢٠١٥ و بەردەوامبوونی شەڕە خوێناوییەکان لە هەندێک ناوچەی تر، هاوتا نەبوو.

## هەڵمەتە سەربازییەکانی سوپای میسر

دوابەدوای دروستبوونی دۆخێکی نەخوازراو لە نیمچە دوورگەی سینا، هێزەکانی سوپای میسر هەڵمەتێکی سەربازی بەرینیان لەو ناوچەیە دەستپێکرد کە شێخ زوەید و رەفەحی گرتەوە و سوپا توانی تا ئەندازەیەکی زۆر چالاکییەکانی ڕێکخراوی «ولایەتی سینا»ی سەر بە داعش لە ناوچەکەدا لاواز بکات، بەڵام تاوەکو نوسینی ئەم دێڕانە، ناکرێت بڵێین بە تەواوەتی مەترسی و هەڕەشەکانی چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە لە نیمچە دوورگەی سینادا بنەبڕکراون.

١٥ی جوولای ٢٠١٧

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی بوێ**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ بەرێز ئیدریس جەبار بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

